لةبلاوكراوةكانى طؤظارى ئايندة

كؤمةلَة ضيرؤكي

# كؤتاوةسيةتي بكوذيَك

**ژوان ئاواره**

**مانی- فەڕنسا**
**2005- 200**

ناوی کتێب: کۆتاوەسیەتی بکوژێك
نووسینی: ژوان ئاوارە
بابەت: چیرۆك
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: خالد محەمەد
بەرگ: قادر میرخان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن: 954ی 2005
دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کوردستان-سلێمانی

**بۆ دایکم**

## (1)

## کۆتا وەسیەتی بکوژێك

حەڤدە ساڵ و شتێکە ئەم عەزابە بەشانەمەوەیە هاتوومەتە ژێرباری ئەم قیامەتە پڕوکێنەرەوە ئەم سەقەرە داڵدەی داوم،ئەم ئاەشگە نەفەس درێژەباوەشەگڕگرتوەکانی خۆی بۆکردومەتەوەو نیشتەجێی ئەم شاری هەڵقرچانەوە پەناهەندەی ئەم هەموو وەهمە قوڵانەی ناخی خۆم بوم،حەڤدە ساڵ و شتێکەمن ئەوێم بەجێهێشتووەو تەمەنی خۆم بەتەنافی ئەم نائومێدیەدا هەڵخستووە،حەڤدە ساڵ و شتێکە هەمیشە ئەمەوێت هەڵبێم لە خودێك لەم زاتە بۆ گەنەی پێیان دەووت (شێرۆ) هەمیشە ئەمەوێت نەفرەت بکەمەوە لەسینەی ئەو ئاوێنانەی کەبۆ چرکە ساتێکیش بووبێت ئاشنایان کردومەتەوە بە ئەدگاری خۆم، نەفرەت لەم دووچاوە دەرپۆقیوانەی کەهەر دەڵێی گلێنەی ماسیەکی مردوون،ئەو

**ڕووخسارەی کە هەست دەکەم تازیاتر بکشێت نەخشی هیتلەرێکی دیکەی لێهەڵدەگریتەوە.**

**(شێررڕۆ)هێندە بەهەرەکەت نێویان دەهێنام خۆم دەمووت کەون دەلەرێتەوەو عەرش بەیەکجاری هاڕەدەکات، پاڵەوانەکان دەتۆقێن لەنەعرەتەم،خودای گەورە هاوار خۆ دەڵێن دەست و مەچەکی پیاو کوژان جودایە لەدەست و مەچەکی کەسانی دیکە، دەڵێن نەعرەتەو جەزبەو زەبری بکوژان زمانی پاڕانەوەو لێبووردن نازانێت، بەلاّم ئەی من،وااااى لە دەستەکانی من، هەر دەڵێی نێو قەدی پەڕە سیگارێکی بەفرینن هەر دەڵێی کۆمایەك پەمووی شیکراوەن بەئەستەم تەنها ڕەگێکیان تیا دەبینیتەوە، منی نۆبەرەو براگەورە،منی جێ ئومێدی باب و نووری دیدە چکۆلەی دایك...**

**حەڤدە ساڵ و شتێکە دەمانچەکەم لەنێو کەنووی ئاردەکەدا حەشارداوەو بەگوێنیەکی سپی تاقەت ڕەتێنەوە گوێنیەك کەهەر دەتگووت دنیا بە چوار مشقی لەنێویدا دانیشتووە لەنێو دەستەکانمدا ڕاگرتوو وەك وەفایەك بۆ وەسیەتێکی پچڕ پچڕ لە زاری دەریایەکی قوڵدا بەجێم هێشت....**

**ئاە حە ڤدە ساڵ و شتێکەو من ئەو وەك دوو پەڵە پرسیاری کرۆك قورس بەر شانەکانی ئۆخژنی یەکتری ئەکەوین، یەکدی دەهاڕین و هەڵدەسینەوە...**

**دوای حەڤدە ساڵ خودایە هاوار چۆناهی بگەڕێمەوە ؟ وەك ئەو کوڕەی سالاّنێکی دێری بەر لەئەمڕۆ کە پشتوێنەکەی کردەوەو دەمی گێنوەکەی پێ بەست، وەك ئەو کوڕەی بەسەرو قژێکی ئاڵوسکاو و دڵێکی گوشراوەوە دەمانچەکەی فڕێداو هەڵکەوت لەئاپۆڕەی بازنەیی ئینجانەکان و نێو حەوزەکەی پڕکرد لە قوڕ، یاخوود وەك کوڕێکی مۆدێرن و هێدی و لەسەر خۆ کوڕێك بەهێوری دڵ دەنێت بەدڵی چرکەکانەوە، نا....گرنگ نیە بەچ دەمامکێکەوە دەڕۆمەوە، گرنگ نیە کێ دێتە پێشوازیم و کێ نایە، گرنگ نیە بەسەر مافووری ناز ناز دا دەمبەنە ژوورەوە لە**

سەر بالیفی ڕەیحانە ئەم خەوێنن یاخود دەمدەنە بەر بەردی کینەو شار بەدەر دەکرێم وەك کوڕێکی تەڕەو غەوارە تاهەتایە کۆڵ بەکۆڵ وەك هەگبەیەکی هەمەجێی ئەم وەرینە ئەگێڕم....

نا هیچ یەك لەم ئەگەرانە لەفەرهەنگی بکوژێکدا گرنگ نین کە دوای ساڵانێکی شکست بخوازێت شتێك لە چەشنی ڕاستەقینە بگێڕێتەوە، ڕاستەقینە ئاااخ هەندێ جار چەندە زەحمەتە، هەندێ جار چەندە ئاسان دێت بە دەستەوە،نا .. نامەوێت ڕاستی بگێڕمەوەو هەندێ کات ڕاستی لەو شوێنەیە کەمرۆڤی لێ نیە لە هەر جێیەك مرۆڤ بوونی هەبوو ڕاستی بزرە...وەك ووتم نامەوێت ڕاستی بگێڕمەوە هێندەی ئەوەی دەمەوێ بەمەرگی خۆمدا بڕۆمە خوارێ بگەمەوە بەکۆتایی دێڕی هەلا هەلا بوون دەستم بەکەمەری شکانی خۆم ڕابگات..

نا ئەمڕۆ کە دەمەوێت بە دەستەکانی خۆم دەرکی ئەو ژێر خانە نوتەك و تاریکە بکەمەوە، کەوەك شتێك دڵم پێم ئەڵێت لە دواساتەکانی گەردو گوڵی ئەو بەیانیەوە کەس نەیکردۆتەوە، گەردو گوڵی ئەو بەیانییەی کەوەك جەنگاوەرێکی ماندوو بە دەست و پلی خوێناوییەوە بە هانکە هانك سەربەندی گێنوەکەم بەپلیکانەکاندا سەرێ خست، باوکە لەبن دار هەنجیرەکاندا کاسەی سەری خستبووە نێو مەملەکەتی لەپەکانی وەك تەپکە گوڵەبەڕۆژەی بێستانێك بۆ هەتا هەتایە هەتاوییان لێ شاردبێتەوە لارەمل و سیسەڵە هەناسەی هەڵدەکێشا...دایکم لەدووتوێی کراسێکی نیلی لەچکێکی خۆڵەمێشی دا هۆن هۆن دەگریا.. هەریەکە لە خوشك برا چکۆلەکانم وەك چەپکێك ڕێحانەی چڵ چڵ کراو و هەڵپڕوکێنراو بەلێواری حەوشەکەدا پەخش بوو بونەوە.

دەمی گێنووەکەم کردەوەو باوکم چاوە ڕیپۆق گرتوەکانی بەکەونی گێنووەکەدا گێڕاو هەستایەوە سەرپێی و تەوێڵمی ماچ کرد، دوو دڵۆپ فرمێسك ئاوێزانی

ڕیپۆقە ووشکبوەکانی بوون، خوشك و برا چکۆلەکانم وەك جەلادێکی چکۆلەو ناکامڵ دەیان ڕوانییە من و نەیان دەوێرا لێم نزیك ببنەوە.

دایکم چەپك چەپك ئەگریجە ئاڵوسکاوەکەی دەرنییەوەو لەقەی لە دەرکی جامخانەو شووشەی پەنجەرەکان دەداو هۆقە تفی بەنێو چاوانمدا دەکردە خوارێ و بەدەنگێکی تێکەڵ لە هەموو نائومێدیەك پێمی دەگووت:

(بەر نەفرەتی خوداو پێغەمبەران کەویت، خودا هەقی چۆلەکەیەك وون ناکات، چ جای کچێك، چ جای زایفەیەکی بێ تاوان )...

ئاااە بەرنەفرەتی خوداو پێغەمبەران کەوتووم یان بەر نەفرەتی خۆم، مەزەندە ئەکەم لەبن پەنجەی هەر هەستێکمەوە کارێزێك لە عەزاب قوڵتەقوڵتیەتی، ڕۆحم وەك پاسارییەکی باڵ بەستراو سست دەبێت، خودایە هاوار چەند سەختە بکوژێك بە فەرهەنگی خۆیدا بڕواتەوە، ماری حەوت سەری هەر ڕستەیەکی خۆی بیگەزێت،ژەهری هەر یادەوەرییەکی تاڵ لە زاری وەردات.

حەڤدە ساڵ و شتێکە من ئەم کراسە قەد دەکەم و تاوێك لە سینەمداو تاوێك لەنێو جانتاکەمدا تاوێکی دیکە دەیکەمەوە گەردنم ئەو کراسە سپیە نیو قۆڵەی بۆنی ئەو دڵۆپە خوێنانەی لێدەهات کە پەڵە پەڵە وەك خوێنی چۆلەکەیەکی رووتەڵە ڕژابوونە سەر بۆنی تەنهایی و شێداری ئەو شەوەی هەڵگرتبووە کە بۆ دواجار لولەی دەمانچەکەمی گرت و لێم پاڕایەوە کە (بیکوژم) ئەگریجە کارییە خورماییەکەی وەك شەبەنگێك تیشك ڕژابوونە سەر بەری دەستم چاوە بادەمیە حۆلەکانی بڕییووە ئەو گەندەمووانەی کەتازەکی لە عەردی تەمەنمدا خەملیبوون، سینەی وەك ئەوەی لەڕاوی تریفە گەڕابێتەوە تا دەهات لەژێر تیشکی گلۆپەکەدا درەخشان تردەبوو، جار جارە بەشەرمەوە دایدەپۆشی بەخاتر ئەوەی جێ کەڵبەکانی ملازم و پاسەوانەکانی بشارێتەوە، دووبارە پشتوێنەکەمی گرتەوەو تکای لێکردمەوەو کە (بیکوژم ) بەتوندی پێم گووتەوە (ناااااااا) بەشێوەیەکی

بێزار کەر کەتا ئەمڕۆکەش نااا یەکی تری لەو چەشنە لەڕۆژە هەرە زەبەندەکانی مندا دووبارە نەبوونەوە، ئەو چەندە تکای لێدەکردم من یاخی تر دەبووم بازگەکانی وەڕەسیم تادەهات زیاتر دەکشا گۆمی دوو دڵیم چرکە ساتێکی مەنگی بە خۆیەوە نەدەبینی، تاو نا تاوە هێڵنجی دەهات و دەڕشایەوە، خراپترین جۆری ڕشانەوە.. ئەو شەوە داوای زۆر شتم لێکرد، حەزێکی بێ ئەندازەم بۆ لادانی تەواوی ڕوپۆشەکان هەبوو، نازانم بۆ حەزم دەکرد بم باتە تەواوی پنتە تاریك و پێچاوپێچەکانی خۆیەوە، بۆحەزم ئەکرد پەنجە بخەمەسەر تەواوی ئەو شەوانەی ملازم کەبەزۆر بردبوویەوە ماڵێ، وای لەمن و باوکە ئەو شەوە چەند زەلیلانە دەمان ڕوانییە پۆستاڵەکانی ملازم، دەمانڕوانییە سمێڵە تیژو قژە ماش و برنجیەکەی، چەند سڵمان لە نەجمەکانی سەر شانی ئەکردەوە ئەو کاتەی پەلی ( سۆزانای) گرت وەك پەری سەر عەردێکی سپی فڕێیدایە ماشێنە نوێکەیەوە، (سۆزانا) نینۆکەکانی پەنجەی ڕاستی دەکرماندوو لە ژێرەوە تەماشای دەکردوو دەگریا من بێغیرەت ترو شەرمەزار تر دەبووم ..

دەمزانی چەندە عەزاب بەپرسیارە بێ سەرەو بەرەکانی منەوە دەچێژێت بەلاّم هەر دەمکردن، چەشنی مناڵێکی لاوازی گرۆز تێیدەئالاّم و پێم دەوت:

–ئەو شەوەی کە بردیتیەوە چی لێکردی ؟لەبەرچاوی پاسەوانەکاندا ڕووتی کردیتەوە؟ چی لێکردیت سۆزانا چی، ئەوشەوە ملازم چی لێکردیت پێم بڵێ؟

سۆزانا ئەگریاو بەئەستەم زاری بۆ هەڵدەهێنرایەوەو دەیگووت:

–هیییییییچ....

پێم دەگووتەوە:

–ئەو شەوەی کەبردیتیان بۆ بەو چەشنەو بەونیگا زەبوونانەوە دەتڕوانیە من، چیت لێم ئەویست؟!

دەیگووتەوە:

-نازانم ناااا نازانم ...

وەك ئەوەی هەوساری مەرگی خۆم گرتبێت پێم دەگووتەوە :

-بە تەنێ ملازم بوو یاخود پاسەوانەکانیشی ؟

کەللەی خۆی دەکێشا بە دیواری چڵکن و پەڵە پەڵاوی ژێرخانەکەداو بە چەپۆك دەیکێشا بەسنگی خۆیداو نینۆکە درێژەکانی لە گۆنای ژاکاوی گیر دەکردو دەیگووت:

-هەموویاااااااان

-کامیان زیاتر دەگەڵت دەمایەوە؟

-نازانم، شێرۆ چووزانم..

- دەگەڕێنەوە دڵنیایی کە دەگەڕێنەوە ؟

-بێگومان...بێگومان!!!!!!!

دانەوییەوە پێڵاوەکانمی ماچ دەکرد و دەگریاو تاو ناتاوە هێڵنجی دەهاتێ دەرشایەوە، جەستەی تازە نەمامی تا دەهات لاوازترو خامۆش تر، چاوەکانی بێئەندازە بەقوڵا دەچوون، مژۆڵە درێژ و پڕو هەڵگەڕاوەکانی دوو دوو سێ سێ چوون مناڵێکی ترساو جووت بوو بوون، دڵی پەلە پەل لێیدەدا، باسکەکانی سارد سارد و مۆر مۆر بوو بونەوە پەڵە پەڵە وەك ئەوەی ملولەکانی خوێنی بەیەکجاری وەستابن، سەریم خستبووە سەر ڕانەکانم وپەنجەکانی بە ئەستەم دەبزوا، بەتوندی دەمانچەکەم فڕێدایە سەر فەردە گەنمەکان و پێمگووت:

-کە ناتوانم بتکوژم.

سۆزانا وەك کۆترێکی باڵ شکاو لارە لار هەستایەوەو دەمانچەکەی هێنایەوەو دایەوە دەستم و پێمی گووت :

-شێرۆ بە غیرەت بە باوکە چاوەڕوانی تۆیە!

پێمگووتەوە:

–سۆزانا تۆ شیاوی کوشتن نیت، کەسانێك دەبێت بکوژرێن کە بەها جوان و هەستە ئینسانیەکان لە کەدار دەکەن گەورەیی خۆیان لەسەر بچووك کردنەوەی کەسانی دیکە هەڵدەکەن، دەست و مەچەکەکانی من ناتوانن مرۆڤێك بکوژن کە پتر شیاوی ژیانە نەك مردن..

سۆزانا وەك پەپولەیەکی نازەنین برۆ چرو پەیوەستەکەی وێك دەهێنایەوەو بە دەنگێکی ئازار بەخشەوە دەیگووت:

–بەلأم پرسیارە بێکۆتاییەکانی تۆ دەمکوژێت، بە دواداچوونەکانت، نیگا کردنەکانی باوك، هێلنجە بێ فاسیلەکانی خۆم، هەلکورمانەکانی دایك لەبن دار هەنارەکاندا، هەزار بارە بوونەوەی شەوە سوورە کانی ملازم و پاسەوانەکانی،شێرۆۆۆ هەریەکە لەم شتانە بەسن بۆ کوشتن و هەلا هەلا بوونی کچێك، شێرۆ تکا دەکەم بمکوژە......بمکوژە ..تکا دەکەم تکا!!!!!!! تکا ....

حەڤدە ساڵ و شتێکە من ئەم حیکایەتە ئەگێرم و لەنوێنی حەسرەتێکی قوڵ دا خەونی جەهەندەمیانە دەبینم و بەدەم هەڵ ئاوسانی هەستمەوە رۆژ دەکەمەوە، کاشکیا دەمتوانی بەکوڵ بگریبامایە، چەندە بەغیلیم بەو کەسانەدێت کە دەتوانن بەکوڵ بگرین، گریانێك ئەگەر بۆ چرکە یەکیش بووە ئارامم بکاتەوە، ڕەهام بکاتەوە لە هەموو شتێك، ڕەهام بکات لە خۆم، ڕەهام بکات لەبوون، ڕەهابم لەوشتەی کەپێی دەووترێت (ژیان)و من لە کاسەی پەشیمانیەکی کوشندەدا دەیخۆمەوە..

نا هەرگیز نەمتوانیوە بەو چەشنەی کە بۆ خۆم دەمەوێت بگریم، ئەگەر توانیبام هێندە بەدوای فەتارەت و تیاچوونی خۆمدا غەوارە نەدەبووم، هەریەکە لەم شتانە بەس بوون بۆ مردنی ئەو، وەك چۆن وازی کردن لە هەریەك لەم کایانەش دا کافیە بۆ مەرگی من ..

**حەڤدە ساڵ و شتێکە، هەست دەکەم دڵۆپە دڵۆپەی خوێنی ئەو وەك جوگرافیایی نیشتمانێکی بریندار بە ئەتڵەسی کراسەکەمەوەیە، بۆنی ئەو ڕژاوەتە لۆژیکی گیانی منەوە، دەنگی مردنی ئەو لە ئەشکەوتی بوونی مندا دەنگ دەداتەوە، چەند سەختە گەنجێکی تاك بە هەمان بۆن و بەهەمان خوێن و بەهەمان سەداو بەهەمان دەست و پلی بکوژێکەوە تکای چرکەیەك ئارامی بکات ..**

**نا گرنگ نیە چۆناهی دەگەڕێمەوە گرنگ نیە دوای ساڵانێکی غەوارەبوون و شکست دەمەوێت چی بکەم، هێندەی ئەوەی دەخوازم لەهەمان شوێنگاو لەهەمان پنتی تاریك و بەتەنیشت کەنووە ئاردو فەردەی یەك لەسەر یەك هەڵچنراوی ژێرخانەوە، لەهەمان گەردو گوڵی بەیانیەکدا تەرمەکەی منیش بە کوت کوت کراوی لەگێنویەکی سپی دا بەپشتوێنێکی چوار قەف بەستراوەوە فڕێیدەنەوە دەریا.**

**ئەمە کۆتا وەسیەتی کوژراوێکی حەڤدەساڵ بەر لەمرۆ بوو، وەك چۆن کۆتا وەسیەتی بکوژێکیشە تکایە فڕێی بدەنەوە دەریا..........**

**2003/8/ 25**

**سلێمانی**

(2)

## دایکە یوسف دەگەڕێتەوە

**من دەمگووت و بە دەنگێکی بەرز بەرز دەگریام، بەشێوەیەك کە دەنگی خۆم لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانەوە دەژنەفت،لەکونجورەکانی ماڵەوە، لەسەقف و بنمیچ و تاقی لارهەڵچنراوەوە، دەنگێك تێکەڵە لەخیزەی سینگ و کۆکەیەکی لەسەریەکی ترسناك ! تێکەڵ لە نەفەسی پچڕ پچڕ و هەنسکی کورت کورت.. وەك ڕۆحلەبەرێك لە تاریکی بونەوەرێکی چکۆلە لە زوقمی تەنیایی، پەڕپووت لەهەموو بەختەوەریەك وەك ئەوەی لەبێشەلانێکی تاریکی هەزار پێچدا بەگیر هاتبێتم دەستم لە تاریکی و شەکەتی خۆم وەردەیاو هەردوو چاوە مەست و ئاودارەکانم لەسەر یەك دەناو وەك بۆنی تەمەنێك لە شکست کاسی کردبێتم لەتلی هەزاران مەراق هەڵدەنووتام وبەرزدەبوومەوە هەروەك گەڵایەکی ڕەق هەڵهاتووی زەرد و هەتیوو لەزمانی بایەکی بێباکدا ئەمبەرەو بەرم دەکرد، کەللەم هێلانەی چەندەها بێچولەی حەسرەت و تامەزرۆبوونی کوشندەبوو..**

**من دەمگووت و بە دەنگێك کەهەستم ئەکرد قەدەری دەریاو بیابان و ئاسمان وئەستێرەکان هەڵدەگێڕێتەوە بانگم دەکرد :**

**-(دایە ....... دایکە خەوم دیووە ....... خەوم دیووە یوسف ئەگەڕێتەوە ..... کۆشم پڕدەکات لەدەنکە هەناری داتەکێنراو، گیرفانەکانم پڕ دەکات لەبەرچنە شاتووی گەورە گەورە، گوارەم لە پەڕی گوڵە ناز نازەکان بۆ چێدەکات، لەگەردی ئەستێرەکان تریفەم بۆ ئەچێنێت، لەکرۆکی سەدەفەکان ملوانکەم بۆ دەهۆنێ ..، دایکە دەگەڕێتەوە ... من دڵنیام یوسفۆکە تاقانەکەی باوکە یەعقوب دەگەڕێتەوە ... شاهەنشای میر نشینەکانی خەونی من ئەمجارەیان دەگەڕێتەوە)**

**من ڕام دەکردو بەڕاڕەوی باریکەلەی حەوشە چکۆلەکەدا سەردەکەوتم و دایکە وەدووم دەکەوت،لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری پێچەکان ڕاوی دەنام، ڕەفتە ڕەساسیە چکۆلەکەمی لێدەکردەوەو ئەگریجەی ژاکاوو ئاڵوزکاومی لە پێچی زەندە خڕو دەستە قورسەکەیدا لول دەکردوو وەك ژنێك لەهەناسەی ئەژدیها دەینەڕاندوو دەیکێشا بەگلۆڵە چیمەنتۆی بن بلۆکەکانی حەوش داو تاڵە تاڵەی ئەگریجە سپیەکەی وەك یاڵی ئەسپێکی نارەسەن بەئەملاولای لاملی دا شۆڕ بووبونەوە، بە دەنگێکی خاڵی لەهەموو مەرحەمەتێکی دایکانە دەیگووت:**

**-{دێڵە شڕە بەتۆ چی ؟ بەتۆ چی گەڕانەوەو نەگەڕانەوەی یوسف، بەتۆ چی هاتنەوەو نەهاتنەوەی تاقانەکەی باوکە یەعقوب}**

**من وەك مێرولەیەکی چکۆلە خشەی توندی کابانێك ئیفلیجی کردبێت، لارەمل وەك کەروێشکێکی خڕپنی توکن گلاندبێتیانە توێژاڵە بەفرێکی تەنکەوە هەردووك پاژنە خڕو قڵیشاوەکانم بەرز دەکردەوەو وەك لەمەحشەری ئازارێکی پڕوکێنەر هەڵبێم دەمڕوانیە سینەی ئاسمان کە هەر بە چاوە گەش و ڕوون ببورە مات و حەپەساوەکانی یوسف دەچوو لەگەردوو گوڵی ئەو بەیانیە دا کە بردیان، ئەو**

**بەیانیەی کە کزەی با ساردەکەی باشووری کولاّن بەئاڕاستەیەکی سەیرتر سەر کولّم و قولاپەی لووت و پەنجەکانی دەتەزاند، وەلێ یوسف ئارەقێکی تەنك و نازك و نەرم کە هەردەتگووت دلّۆپە ئاوی سەر ڕووبەری پەڕەی نێرگزێکە کە بەلاجەنەگیا دەهاتە خوارێ دەڕژایە سەر تالّە مووە نەرمەکانی سەر سنگی کە هەر بەگولّجاڕیەکی قەد پالاّن دەچوو، کراسە سپیە بەفریەکەی وەك لەتریفە چنرا بێت ئەدرەو شایەوە ئەو کراسەی ئێواران لەدوای مەرگی کوت و پڕی دایکەوە دەیهێنا و بەنیگایەکی ئەبلّەق لەترس و شەرم و نیمچە عەشقێکی نهێنی دەیدایە دەستم و من بۆم دەشت، بەسەرتەقەی دلّی خۆم وەك ددانە وردەکانی جلگیرێکی چکۆلە کراسەکەم ڕادەگرت لەلرڤەو گڤەی ئەو بایانە دەمپاراست کە هەندێك جار گومانم دەکرد ڕۆژێك کراسەکەی یوسف بەرن..**

**دایکە هەندێ کات بە دەنگێك کەتاکە پەناگەو دۆستی یوسف بێت بانگی دەکرد :**

**–یاسەمەنا ... بااا ئەییات ..**

**وەك چۆن چۆلەکەیەکی ڕووتەلّەی ڕۆح سوك فیکە بۆ دەنکە چەلّتوکێ بکێشێ، پیرەژنێکی تەزبێح بەدەست بە دەم هەلاّی کشە کردنەوە هەلّیدەفڕێنێ فیکەیەکی نەرمم دەکێشاو بە خۆمم دەگووت:**

**–{ دلّی من دەیهێنێتەوە }**

**سالاّنێکی زەوەندە یو سف واتە تاقانەکەی باوکە یەعقوب ..نااا...کوڕە کاکۆلّ ڕەشەکەی میرنشیانە شپرزەو هەلاهەلاکانی من سەفەری کردووە، ئەو کوڕەی دوای هێنانەوەی کراسە خوێناوییەکەی لە بولێلّی ئێوارەیەکی سامناکدا هەستم کرد دالّی کارەساتێکی گەورە بەڕێوەیە بۆ هەلّکۆلّین و دەرهێنانی بیلبیلەی خەونەکانی من ..**

دەمزانی لە ئێوارەی ئەو وەرزەوەی کە کراسە خوێناویەکەی یوسف لەمابەین پەنجەی براکاندا ئەمدیوو ئەودیووی ئەکرد ئەو کاتەی باوکە یەعقوب دەیڕوانیە جوگرافیای خوێنینی کراسەکەو نیگای لەسەر یەك بەیەکی براکان ڕادەگرت دڵۆپە دڵۆپە ڕۆندك لە ڕدێنە سپیەکەیەوە دەتکایە سەر پەڵە پەڵەی خوێنەکان ..

دەمزانی لە ئێوارەی ئەو وەرزەوەی کە باوکە یەعقوب بە گومانەوە دەیڕوانیە براکان و ورتە ورت لەسەر مەرگی هەتایی و کوت و پڕی ئەدوان ڕۆحی سەرکەش و یاخی من دەبێتەوە بەندەواری چاوەڕوانیەکی قوڵ و ڕەمیدەی حەسرەتێکی سەخت..

ئەمڕۆکە زۆر دێرە.. دێرە.. دێرە.. دێر.. ساڵانێکی زەوەندە یوسف سەفەری کردووە ..

یەك ...دوان.......سیان..،نا..نا هێندە زۆر، بەژمارەی تاڵە مووە سپیەکانی پرچی دایە حەبێ .. هێندەی حیکایەتە بێشومارەکانی، هێندەی تەمەنی پاڵەوانە نەبەزیوو سامدارەکانی، هێندەی کاسەی سەری بەجێ ماوی جەنگاوەرەکانی .. هێندەی قوڵی درێژی گومانە کوشندەکانی من، بەتاییەت ئەو شەوانەی کەوەردەگەڕایەوە سەر حیکایەتی ونبونی یوسف و ئاااه و نزولە و حەسرەتی باوکە یەعقوب و خیانەتی دەجالیانەی براکان..

ئەو دەیگوت:-

(یەعقوبی گەورە لە بەیانی ئەو شەوەی کە یوسفی تاقانە بە داوی خەونێکدا هەڵیواسی، دەیزانی قەدەرێکی بەد لە نێو چاوانی یوسفۆکەدایە .. دەیزانی مۆتەکەی گریانێکی قوڵ دەنێو چاوەکانی یوسف دا دێت و دەچێت .. هەمیشە لە ژێر پاڵتۆکەی خۆیدا دەیشاردەوە لە چاوی بەدی براکان دەیپاراست، یوسف مناڵێکی چکۆلە وەك کوڕی وەرزێك لە جوانی و گەورەیی گەردون دەدرەوشایەوە وەك نەفەسێن لە ڕۆح لەبەرێکی گەورە بزەیی دەگرت ..

یەعقوبی گەورە دەیزانی سوژدە بردن بۆ مانگ و ئەستێران حیکمەتێکە لە حیکمەتەکانی پەیامبەران نیشاندانەوەی سروشتێکی تاکانەی پیرۆزە..

چێشتەنگاوێکی درەنگ یوسفی لەژێر دارهەنارەکاندا گرت، کاسەی سەری بەسنگە لەرزۆکەکەیەوە نوساند، سنگێك وەك شەپۆلێکی بەهەرەکەت دایپچڵەکێنێت ..وەك بوومەلەرزەیەکی توند لە ژێرتوکەکانی دا بێدار بووبێتەوە گەرم گەرمێ داهاتبوو ..

ئەو دەیگوت:

وای لەو بەیانیەی کە بردیان وەك چڵە نێرگزێکی تەنیا دەیڕوانیە زەمبیلەی کون کونینی قورسی براکان و ئەگریا، دادەنەوییەوە و دڵۆپە دڵۆپەی گەردنی یەعقوبی گەورەی ماچ دەکرد..

باوکە یەعقوب بەگومانێکی کوشندەوە و پێشبینی نائومێدانەوە نیگای لە نیگای کوڕەکاندا ڕادەگرت و دەیگوت :

{دەترسێم یوسف دەنێو ئێوەدا گورگان بیخوات }

هەریەکە لە براکان بە چەشنێك متمانەی باوکە یەعقوبی ئارام دەکردەوە و مۆمی دڵنیایی و ڕازی بوونی لەرۆحی باوکەدا هەڵدەکرد، باوکەش وەك ڕۆچوبێتە پەناگەی نەخشە جەهەندەمەکانی هەریەکەیان بەقامکەکانی دەستی ڕاستی قژە خاوو ڕەشەکەی یوسفی تاقانەی دادەهێناو دەگریا ..

یوسفی تاقانە بە پەنجە وردو نەرمەکانی پێڵوەکانی هەڵدەگلۆفت بیری لە( بنیامین)ی برا بچکۆلە دەکردەوە، ڕدێنە پڕو بەفریەکەی باوکە یەعقوب و درێژترو مەلولانە تر خۆی دەنواند و تەنیاتر دەبوو، پتر هەڵدەکورما ..

ئەو دەیگووت :

{براكان وەك ئەوەی كوڕێكی تەرە ڕووت كەنەوە ڕووتیان كردەوە، كراسە سپیە نیو قۆڵەكەیان لەبەری داكەند و وەك ئەوەی بەردێكی چكۆلە بۆ قوڵایی دەریایەك هەڵدەی فڕێیان دایە بیرێكی قوڵەوە .

ئەو چەندە لەسەر چكۆلەی یوسف بدوابایە من دەم هەراش تردەبووم وەك ئەوەی تۆفانێك لە پشكۆ بەسەرمدا بباریێت دەم قیژاند . واای ..نەنە ...وااای لەو شەوەی وەك كچێكی فاجیرە وێنات كردم و دەرت كردمە دەرێ ئیدی نەگەڕامەوە لای تۆ، پەككو لەو ڕۆژەی قەدەرو چارەنوسی یوسف بەشێوەیەكی تر ڕژایە نەزمی ژیانی منەوە ..

وەك مەلەوانێكی ناشی لەكۆتا ساتی خنكانا دەگریام و دەمگووت:

-{نەنە.. تۆ توڕەبووی ... ؟توڕەبووی هاااااااا }

نەنە حەبێ وەك لەشەرابی شەرم و نازكی وهەڵچوون پیریێتی خۆی پێكی ڕستەیەكی قوڵ ساز بكات بە دەنگێكی هەندێجار هێمن و هەندێجار توڕەوە دەیگوت :

-{بڕۆرە دەرێ، یاسەمەنا ...تۆ ئیدی كچە موئمین و هێمنەكەی نێو شەونشینیەكانی من نیت !! بڕۆ دەرێ یاسەمەنە فاجیرە تاقانەكەی باوكە یەعقوب عاشقی هیچ كچێك نەبووە ئەو كە هێندە بچوك بوو لەسەتڵی چكۆلەی تاجیرانی كەنعان دا جێگەی بوو بویەوە ئەو بەیانە كە بردیان نەك ئاوڕی بۆ هیچ كەسێ تەنانەت ئاوڕی بۆ باوكە یەعقوبیش نەدابوویەوە،تەنانەت بۆ بنیامینی چكۆلەش ... یاسەمەنە فاجیرا تۆ درۆئەكەیت ...درۆ....درۆ .....درۆ !!!

من دەمگووت:

-{نا..نەنە هەموو یوسفێك یاسەمەنێكی خۆی هەیە ..بەخاتری چی دەتەوێ قەدەرەكانی من لە زیندەگای حیكایەتەكانی ئەو بكەیتە دەرێ.. ئاخر بۆ نەنە بۆ؟ دڵنیابە بەتەنیا من منم جەزیرەی ڕۆحی ئەو پیاوەی كە ئێستا سەفەری كردوە

نا ئەوڕۆ کەونبووە، ئەو پیاوەی کە کراسەکەیان هێنایەوە بۆ باوکە یەعقوب،من.....من ....من منم تەلیسمی سۆزی ئەو کوڕەی کەکوشتیان ...

-{یاسەمەنە فاجیرە .....درۆ ئەکەیت ...کورە تاقانەکەی باوکە یەعقوب هەرگیز تۆی نەدیوە ..نا .. هەرگیز ..هەرگیز ..

ئێستاش بیر لەگەردوگوڵی ئەو بەیانیە ئەکەمەوە کە بردیان، ئەو بەیانیەی کە جودا لەهەموو بەیانیەکانی دیکە قەدەری زیندەگای من یەکەمین هەناسەی نەسرەوتی وەرگرت جەنگێکی دیکە دابارییە سەر ڕوانین و بیرکردنەوەکانی من . ئاشوبێکی زۆر گەورە هاژەی کردە ژێر کەوشەکانمەوە لە پاوە تا گەردن کرۆشتمی ...

ئەو بەیانیە وەك پاڵەوانێکی دۆڕاو بە شکستیەکی بێ کۆتا ژانتا ڕەشە چکۆلەکەی جودا لە ژانتای بۆرو پەڵە پەلاوی براکان کردەوە شان و، وردە خۆڵی کەوشەکانی دەتەکاند ئەو دڵۆپە خۆڵانەی کە ئارەقەی مابەین و قورسایی پەنجەکانی ورد ورد یان کردبوو..

ئەو ژانتایەی کە پڕ بوو لە پەڕی ڕەنگاو ڕەنگی کۆترەکان و پولەکەی نازکی ماسیەکان..پڕاو پڕ لەو وردە گەلا زەردانەی کەلە درەختەکانی کۆلا ن دەوەرین، سیبخناخ لەو نامە شپرزانەی کەلە شەوە ئەنگوستە چاوەکاندا لە قاوغێکی چکۆلەی شقارتەدا بۆمی فڕێدەدا، ئەو یش بەنیگای کوڕێکی گەڕیدەو تاسەر ئێسك گوماناوی توند لەنێو دەستەکانی دا هەڵی دەگرت..

ئێوارەی هەمان وەرز بوو ...نا..نا ئێوارەی سالأنێکی زۆر درەنگ تر،من لە سیبیلەی کۆلأنە تەنگەبەرەکەدا بە دیار ئاوابوونی زەردەپەڕەوە بیرەوەری چرکەکانی یوسف واتە تاقانەکەی باوکە یەعقوبم هەڵدەگرتەوە.

براکان گەڕانەوە هەر بەپێرە سەربازێکی خیزل و ترسنۆك دەچوون چۆناهی خودەکانیان لەبن دەستانێ دەنێن و بەرامبەر فەرماندە سەری شەرمەزاری دادەخەن،

کراسە سپیە نیو قۆڵەکەی (یوسف) وەك دەلیلی حیکایەتێکی خوێناوی ئەم دەست هەڵی دەدا بۆ ئەو دەست کۆتا جار لەسەر لەپەکانی برای گەورە شنەبای خیانەتێکی گەورە ڕایدەو شاند جێگە نەخشی چەندەها ئازاری قوڵی پێوە بوو وێنەی چەندەها گەڵای سوور لەسەر جوگرافیای کراسەکەی ڕازێنرابوون، چەندەها دڵی گەورە گەورە ترێنجرابوونە کوونی قۆپچەکانەوە، چەندەها کۆتری لارەمل وسیسەڵە لە دامێنی کراسەکەوە بەئەستەم هەڵدەفڕین ودەنیشتنەوە ئەو کراسەی زیاد لەهەموو شتێ شاهیدی یەکەمین سەفەری دوورو درێژی بێ کۆتای من و یوسف بوون ..

نا جەسارەتم نەبوو چاوەکانم تا دەهات چکۆلەتر دەبوونەوە دڵیشم لەسینەمدا چوون چەمۆڵە ئاوێکی پەرش و بڵاو هەر بەڕیشۆڵەیەکی تەڕ دەچووم،لە ژێر ستوونی ئازارێکی ئەبەدیدا هەڵ لەرزییێت...هەستم دەکرد دەبمەیەکەمین شەهیدی چاوەڕوانیەکی بێ کۆتاو کەس کفن ودفنم ناکات ..

ئەو ئێوارەیە باوکە یەعقوب بەناو حەوشەکەدا دەهات و دەچوو تاوێك دەیڕوانیە ئاسمان و تاوێکی دیکە دەستی لەنێو قەدی درەختەکان گیر دەکرد بەدەنگێك مەحزون تر لەتەواوی دەنگەکانی دنیا دەگریاو دەیڕوانیە کراسە خوێناوییەکەی (یوسف)و ئەو کراسەی وەك تاکە دەلیلی کارەساتێکی ناگەهان هێنابوویانەوە، تاباوکەی پێ دڵنیا بکەن کەئیدی هەرگیز یوسفی تاقانە ناگەڕێتەوە .. تاباوکە حاڵی بکەن کەهەمان ئەو کراسەی نەخشی چەندەها جەنگی گەورە گەورەی لەهەناویدا هەڵگرتبوو ..

باوکە یەعقوب کەللەی لێوان لەمەرگەساتی دەنا بەقڵشی دارتووەکانەوە و نێوچاوانی بەگەردو تۆزی گەڵای هەنجیرەکان دەشاردەوە و بەدەنگێکی خاڵی لە هەموو تروسکەیەك زەڕینگەی ئومێدێك بەدڵێکی تاسەر لێوان هاتووەوە

بەچاوانێکی سیخناخ لە پەشیمانیەوە سەری چکۆلانەی بنیامینی خستبووە سەر ڕانەکانی و دەیگووت:

–ئەمە مانای ئەوەیە کە ئیدی یوسف تەواو،مانای ئەوەیە کەئیدی هەرگیزتاقانە جوانەکەی من ناگەڕێتەوە،هەرگیز براکەی بنیامین دەنکە توو لە درەختەکان ناکاتەوە، کاسەی سەری نغرۆی نێو تووکە لولەکانی سنگی من ناکات، ئیدی تەواو بەقامکە چکۆلەو نەرمەکانی یاری بەڕدێنم ناکات..نا .. ئەمە مانای ئەوەیە کەهەرگیز ناگەڕێتەوە ...

براکان سەری شەرمندەیان بەردابوویەوە نێو ڕانەکانیان و ئەژنۆکانیان لە باوەش گرتبوو بەیەك ئیجا دەیانگووت :

هەرگیز.................هەرگیز !!!

نەنە بڕوادەکەیت یان نا من تەنها کچێك بووم لەمەیدانی حەوشە گەورەو چاڵ چاڵاوییەکەی باوکە یەعقوب دا پاش ئەوەی لەکلۆسمە خۆڵ و جگۆلەی ڕێحانەو گوڵە لالۆ عەباسەکان هەڵدەکەوتم دوای شەل و کوت بوونی چەندەها ڕیزە مێروله ورد ورد کەبە شاڕێگەی جودادا دەگەڕانەوە مەنزڵ،لەتە خڕو چاوە بێ ڕوناکیەکانم دەنا بەپەڵە پەڵەی حەسرەتی کراسەکەی(یوسفی تاقانە)وەو دەمگووت :

*(باوکە یەعقوب من دڵنیام ....یوسف دەگەڕێتەوە ..........!)

برای گەورە چەقۆی لەنێوێ هەسان دراوی دەردەهێناو هەردوو چاوە گەشەکانی چەشنی دوو فسفۆڕ هەڵدەکرد برۆ چڕو سیاکەی بەشێوەیەکی توند وێك دەهێنایەوە تووکەکانی سەر سنگی وەك دەنووکی نەشتەران ڕەق دەوەستان و سمێڵە گێف و پڕەکەی بەهەردووك قامکی گەورەو شەهادەی ڕادەکێشاو دەیگووت:

–{ دەبەسیا .. یاسەمەنا ..دەبەسیا }

من دەمگووت:

-{باوکە یەعقوب ئەمە تەنها زەینێك نیەو تەواو،من دڵنیام یوسفۆکە گورگ نەیخواردوە ئەگەر نا جێگەی کەڵبەکانی ونجڕ ونجڕ دەبوو، من دڵنیام لە نەخشی سوچێکی چکۆڵەدایە .. یان لەکرۆکی پێچێکدا یان لەلۆچی دەریایەکدا نوستووە ..

باوکە یەعقوب بەگومانەوە نیگاکانی دەنێو نیگاکانم دەبڕی .وەك ئەوەی هەست بکات من تاکە تروسکەی ژیانی تێپەڕو گوزەرهای ئەوم،بەهەردوو دەستە ماندوو هیلاکەکانی هەردوو لۆچی ڕەفتە ڕەساسیەکەمی دەگرت و پێمی دەگووت :

-{یاسەمەنا ...تۆ دڵنیای ......هااااااااااااا ؟

منیش وەك کیژۆڵەیەکی بە تەنهایەکی کوشندە و چاوەڕوانیەکی کەیل کراسە سپیەکەی یوسفم ئەمدیوو دیوو دەکردوو دەستم لەژێر مەمکی ضةثمدا ڕادەگرت بەدەنگێکی دەرنەهاتووەوە دەمگووت:

-{ باوکە یەعقوب هەردوکیان دەلیلمن، ئەم کراسە بای هەر سەدەیەك بیبات دڵی من دەیهێنێتەوە !! }

باوکە یەعقوب وەك کچێك دابارییوو لەنوتفەی دڵنیایەك دادەنەوییەوەو سەرمی ماچ دەکردوو هۆن هۆن دەگریا بەردەوام دەیگووتەوە :

-{ یاسەمەنااااا تۆ دەڵێێێی ...ها ... تۆ دەڵێێێی؟}

منیش بە سەرێك کەهەستم دەکرد شەپۆلی ئازارێکی قوڵی هەڵگرتووە ئاماژەم بۆ دەکردەوە :

{ ئم ...}

براکان هۆقە هۆقە تفیان تێ ئەکردم و مست مست وردە چەوویان دەگرتەوە پاوبووسم و جۆگەلە جۆگەلە خوێن لەبنی پێیەکانمەوە قەتاری دەبەست بەخاکەنازە چکۆڵەکانی دەستیان قوڕو لیتەیان بەباڵا پۆشەکانمدا دەکردو زمانیان لێ دەردەهێنام چەپۆکیان دەکێشا بەلاڕانی خۆیانداو دەیانگووت:

**-{دەتکوژین یاسەمەنە فاجیرا،بەگۆڕی دایکە ئەتکوژین،بەمەرگی کوت وپڕی یوسفی تاقانە کوت کوتت دەکەین !!}**

**منیش وەك ئەوەی لە چاوەڕوانی مەرگی خۆمدا بم وەك لە دوا خاڵی هەمو بێزاریەکدا بووبێتم بێ باکانە دەمگووت :**

**-{چشششششششششش }**

**دامێنی کراسە لۆچینەکەیم دەگرتەوەو بە دڵێکی پڕوکێنراوو جەستەیەکی تاسەر ئێسك هەلا هەلا و کەللەیەکی ماندوەوە تکام لێکرد:**

**-نەنە هەر هێندە ڕوخسەتم بە منیش حیکایەتەکانی عەشقی خۆم و ئەو کوڕە بگێڕمەوە کە ساڵانێکی دێرە سەفەری کردووە!! یان مردووە، یان وەك دڵم دەڵێ وونبوە و دەگەڕێتەوە ..**

**بۆچی هێندە بێ ڕەحمانە دەرت کردمە دەرێ و ئەڵقە ڕێزی دەرکەکەت لێ داخستم وەك هەر ڕیشۆڵەیەکی هەتیوو بەهەڵکورماوی دەمرِوانی، چوون پشیلەیەکی بۆز دەم میاواند، چەندە وەڕەس و پڕوکێنەرانە دەتگووت :**

**-{ درۆ دەکەی یاسەمەن .... درۆ دەکەی .... یوسف عاشقی هیچ کچێ نە بووە، نا دنیای یوسف خاڵی بووە لە کریشمەی هەر کیژۆڵەیە ...}**

**- نااااا ... نەنە نااااا هەموو یوسفێ یاسەمەنێکی خۆی هەیە، منم بەتەنێ من یاسەمەنی ئەو کوڕەی دڵ سادەیی باوکە یەعقوب غەشیمی براکان و نیمچەیی حیکایەتەکانی تر کوشتیان، بیرت نەچێ حیکایەتەکانی یوسف بەوێنەی مەزنی سەنگینی ئەم کەونە گەورەیە، هەر بەکتێبێکی ئەستوور دەچێ هەر پەڕەگرافێکی لە زاری گەردەلولێکی توندڕەودایە، پەڕەگرافێکی تری لای تۆیە، پەڕەگرافێکی لای باوکە یەعقوب، بەشێکی تری لای ئەو بەلەمە شکاوانەی کەتاقانە دوای ڕاو کردنی ماسیە نقەکان ئەو کاتانەی کاسەی سەری لەنێو هەردوو لەپەکانی دا ڕادەگرت و پەنجە قوڕاوییەکانی پێی لەیەکدی دەخشاند و قوڵ قوڵ دەیڕوانیە**

سینەی ئاسمان .. کەرتێکی دیکە لە زەردەپەڕی ئەو ئێوارانەدایە کە بەقەڵەمێکی پەمەیی و دەفتەرێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە تۆماری پیر بونی وەرزەکانی ئەکرد پۆستەرە شعری چکۆلە چکۆلەی ئەنوسیەوە دەیدایە دەم با . پەڕەگرافێکی تری لە ڕدێنی کلویی ئەو پیاوەدا حەشاردراوە کەلەشەوێکی تاریك و نوتەکدا نێو لەپی پڕ کردبوو لەسووتوی جگەرە و پێی گوتبوو :

{ تۆ دەبیتە جوانترین ئەفسانەی دنیا، سەفەر کە کوڕم .... هەمیشە ڕێگای دووران حیکمەتی گەورە تاقی دەکاتەوە،}

پەڕگرافێکی تری لە دووتوێی ئەو نامانەدایە کە بەدزی باوکە یەعقوب و براکانەوە بۆی دەهێنام ..

پەڕگرافێکی تری لە خەونە بێ شومارەکانی هەردوکمان و،لە هۆڵی قوتابخانەکانداو دەنێو ئەو نوسینە کوت و پڕانەدایە کەلە کۆتای فرساندا بە تێکەڵ و پێکەڵی ئەینوسی ..

ئاخر تۆ بەگەڕانەوەت بۆ زیندەگای یوسف دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ئەو دنیایانەی کە سەرلەبەری وێرانەی چیرۆکەکانی ئەو پێك دێنن .. ئەگەر نا ڕێگە بدە من پەڕەی ژیانی خۆم هەڵبدەمەوە ئەو پەڕەیەی هەر دێڕێکی پەیوەندی بە ڕۆژانێکەوە هەیە کە تۆ بەیەجگاری فەرامۆشت کردون ...

ڕۆژانی ئەو نامە زۆر و زەوەندانەی کە بە پولەکەی ماسیەکان و هەناسەی سەدەفەکان زەخرەفەی دەکردن و لە شەوە هەرە تاریکەکانی شاردا دەیدایە دەستم ئەو نامانەی کە پتر بۆنی دەریاو قولاپ و لم و شەپۆل و گلێنەی حەپەساو داکەوتووی ئەو ماسیانەی لێدەهات کە لەدووترێی تۆڕەکاندا هەڵگیرابوونەوە ئەو نامانەی زیاتر بۆنی زمانی شەپۆل و وردە چەوەکانیان لێدەهات تا زمانی یوسف ئەو نامانەی کە سەرەتای هەموویان بەم ڕستەیە دەستی پێدەکرد :

{یاسەمەن خەونێکی گەورەتر ببینە، خەونێك هێندەی گەورەیی دەریاو، هێندەی مەلەی بێ کۆتای ماسیەکان، خەونێك هێندەی بێدەنگی ئەو دەنکە چەوانەی شەپۆلێکی بە هوروژم خەبەریان دەکاتەوە,یاسەمەن هەمیشە مردنی خەون مردنی ژیانە ..}

من لەگزنگێکی تەمباردا ئەو کاتانەی ئەو دەرکی کولانەی لە جووجکەکان دەکردەوە وەك ماسی گرێکی کارامە خۆی تەیار دەکرد لەماشێنێکی چکۆلەدا دەچوویە کەناری دەریا منیش بە شەرمی کچێکی کاڵفامەوە ژانتا ڕەشەکەم دەدا بەشانمداو تەواوی ئەگریجەم بە قردێلەیەکی سپی بەفرین دەبەست لە سەرخۆ هەنگاوم هەڵدەگرت لە پێچی کۆڵانەکەدا دەیگرتم

-{یاسەمەن ..نامەکە ..چی ؟ }

من هەردوو پێڵوی چاوەکانم لەسەر یەك دەناو بەدەنگێك هێمنتر لەخەونی باخچەکان پێم دەگووت:

-{نا ااااا یوسف هەمیشە مردنی ژیان مردنی خەونە ...}

ئەویش جگەرەکەی دەستی نەرم نەرمێ پێدەکردو وەك کوڕی ئیمپراتۆرێك لە ڕوانین و ڕامانی قوڵ بە هێوری دەیگووت :

-{نا .. یاسەمەن .. نا .. هەڵەیت لەو جێگەی خەون دەمرێت ئیدی ژیان دەکەوێتە مەترسیەوە }

من ڕێم دەکردو بەتەنێ بەجێم دەهێشت جار نە جارە نەرمە ئاوڕێکم لێدەدایەوە و ئەو تاڵە زوڵفەم دەخستەوە سەر پەرچەمم کەتاو نا تاوە جوێ دەبوویەوە بیرم لە تەواوی چرکەکانی ئەو دەکردەوە ئەو کاتانەی هەردوو گیرفانەکانی بۆ پڕ دەکردم لە کەلا شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ هەر بەهەواوە دارهەلوکەکانی بۆ دەگرتمەوە و تانەوسەری قوتابخانە لەگەڵم دەهات ..بیری ئەو دار حەیزەرانانەم دەکەوتەوە کە مامۆستا ئاریان لێیدەداین، بیری

پێکەنینەکانم دەکەوتەوە، بیری ئەو پرسیارانەی کە چەندان دەقە لەسەری دەمایەوەو بۆی حەل نەدەکرا، بەیانیەکیان دوای تەریق بوونەوەیەکی بێ ئەندازە لە بەرامبەر مامۆستای بیرکاری دا پێم گووت:

-وای ... یوسفۆکە .... یانی تۆ نابیتە مامۆستا ... نا .. تۆ هەرگیز وەرامی پرسیارەکان نادەیتەوە ؟

یوسف وەك ئەوەی کەون تۆپێکی باغەی بەر قاچەکانی بێت سوکە پێکەنینێکی دەکردو بە دەنگێکی قەشمەر جارانە دەیگووت :

-{نا.. یاسەمەنا .. ئەوانە پرسیاری چکۆلەن.. مرۆ دەبێت سەرگەرمی حەل کردنی پرسیارە گەورەکان بێت...}

ئیدی مامۆستا ئاریان بە یەجگاری کردیە دەرێ و پێی گووت :

تۆ ماتماتیکی قوتابخانە تێك دەدەی، تۆ دەبێت بگەڕێیتەوە لای باوکە .. تۆ ئەبێ بگەڕێیتەوە لای بەلەم و سەوڵ و ماسیەکان ..

ئەوە یەکەمین سات بوو لەتەمەنمدا هەستمەوەو بەرامبەر مامۆستا ئاریان ڕابوەستم بە ئەوکێکی هاتووەو پێم ووت :

-{ مامۆستا ئەکرێت یوسف هەم ماسی گربێت و هەم ماموستا ...}

پێی گووتم :

-{دانیشەوە دێڵە شڕە ... }

ئیدی یوسف بە شێوەیەك گەمارۆی ژیانی منی داو لە بۆتەی عیشق و هۆگربوونی خۆیدا یەخسیری کردم .. بوونی خۆی وەك هەناریکی گەورەی درز تێ بوو دەوەراندە سەرسینی بوونی منەوە .. ئاریان لە دوای ئەو بەیانیەوە بە شێوەیەکی دیکە دەیڕوانیە من جەنگێکی دیکە داوەڵیە قەدەرەکانی منەوە کە ئولفەتەکانی منی بۆنێو دنیای خەونێکی گەورەتر کێش کرد ..

له دوای ئەو بەیانیەوەی کەبردیان وەك و تر بلّێم کە سەفەری کردوە .. یان ونبووە ژانتا ڕەشەکەی خستبووە سەر شانی وەك مەیتەرەوانێکی ئەسپ ونکردە ماندوو شپرزە وەك چۆن سەربازێك کەللەی خۆی لە خودەکەیدا دەشارێتەوە تەواوی قژەلول و پڕەکەی لە ژێر کلاّوە فەروەدارەکەیدا شاردبوویەوە ..

نازانم بۆ هیچی نەووت ... یان بۆ نەیویست شتێك بلّێ .. ئایا شتێك شایەنی ئەوە نەبوو بووترێت ؟..

من تەنها کچی نێو ئەو نامانەی کەلەبەر مانگەشەودا دوای دەرهێنانی ئەو ماسیانەی کە بێ ڕەحمانە ڕاوی بە لەشە داهێزراو بەو پەنجە ماندوانەوە دەینوسی، بۆ نەیویست تەنها شتێك بلّێ لەبەیانی ئەو ڕۆژەدا کە دەستێکت لە چەشنی واهیمەیەکی کوت و پڕ منی بێدار کردبوویەوە،یان شتێك لەبۆنی ئەو نامانەی کەیوسف لەکەنار بەلەم و دەریاو وردە چەوەکانەوە بۆی دەناردم هەمان ئەو بۆنەی وای کرد لە پشت ئەو تانکیە گەورانەی سەربانێ دا لەسەفەری کوڕێك بڕوانم کەنەك هەر خۆشم ئەویست بەڵکە ئامادەش بووم تەواوی قەوارەو بونیەی خۆم وەك فوارەی تاڤگەیەکی بەهەرەکەت بڕژێنمە چالّی چاوەکانیەوە، بۆ نەیویست تەنها ئاوڕێك بداتەوە، من یاسەمەنی نێو شەوە دوورو درێژەکان ... یاسەمەنی خەونە بێ کۆتایی و بێ سەرەوبەرەکان .. یاسەمەنی ئەو نامانەی کەهەندێجار لەو پەڕی شپرزەیی و هەندێ جار بەو پەڕی عەشقەوە دەینوسی ..

–{یاسەمەن بەدوی خۆردا ڕام دەکرد ..وای چەندە دەڕۆیشتم .. وای چەندە هەڵدەنوتام .. دەمویست کراسێکت لەتیشك بۆ بگرم ... دەمویست بتکەم بەبوکی شای پەرییان لەسەرمافورە ئەفسوناویەکانی تریفە بتخوازم .. وای چەندە ڕێگام دەبڕی و نەدەگەیشتمە خۆر واای ...یاسەمەن ... واای ...}

–{ یاسەمەن ئەمشەو مانگ لە پەنجەکانمدا وەك چۆن سێوێك کەرت دەکەیت بوو بەدوو لەتەوە ... وای چەندە دەگەڕام تابتدۆزمەوە لەتە مانگی خۆتت بدەمێ

**خەنیت کەم .. یاسەمەن چەندێم دەکرد نەمدەبینیتەوە .. وااای ..وای... وای ........}**

**-{یاسەمەن .. دوو ئەستێرەی درەخشان لەسەر لەپی دەستی هەردوکمان دەدرەوشانەوە، هەمیشە ئەستێرەکەی من دەکەوتە سەر کۆشی تۆ و ئەستێرەکەی تۆش دەکەوتە سەر کۆشی من، ئیدی دەلیلمن ئەو ئەستێرانە کەقەدەرو چارەنوسی هەردوکمان هەمان قەدەرو چارەنوسە ...}**

**من کچی ناو خەون و قەدەرەکانی ئەو کچەی ناو ئەو پۆستەرە شعرانەی کە بە پچڕ پچڕی دەینوسی کچی نێو ئەو چاوەڕوانیە بێ فاسیلانەی گەڕانەوەی لەدەریا، کچی ناو ماسی و پولەکەو گلێنە دەرتۆقیوەکان... کچی ناو حیکایەتەکانی نەنە حەبێ .. بۆ ئەو بەیانیە نەیویست .. نا... یوسف واتە تاقانەکەی باوکە یەعقوب شتێك بلێ .. تەنانەت مالآئاواییەك .. چش با ساردتر بووبا لەشەوەکانی کەنار دەریاو بێدەنگتر لە فەرامۆشی و خامۆشی فارامۆشی فانۆسە پێنەکراوەکان .. ئایا نەیدەویست براکان بزانن کە (یوسف) واتە تاقانە کەی باوکە یەعقوب یاسەمەنێکی خۆی هەیە ؟ یان شەرمەندەی باوکە یەعقوب دەبوو لەبولێلی ئەو سپێدەیەدا بزانێت کە ژیان و شەیتان بەشێوەیەك ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بووبێت بە یوسف واتە تاقانەکەی ئەو پێکەنیوون ..**

**ئاخر یوسفۆکە لەسەر یەکێك لە دەفتەرەکانی مندا نوسیبووی :**

**{ ئەزانی یاسەمەن باوکە خۆشی بە بەزم و بادەی عاشقان نایە .. ئەو دەڵێ عاشق بوون ڕێکەوتێکی نهێنی شەیتان و ژیانە بۆ پاشقول گرتن لە ئینسان ..}**

**نا... نا .. بۆ خۆی نەیویستووە .. شتێك لە قولاّییەکانی دا پالّنەری ئەو ساردی و بێ مروەتییەی ئەوبەیانییەی ئەو بوون، نە باوکە بووە .. نە براکان .. شتێك لە چەشنی نهێنیەکی گەورە وەك نهێنی ئەو نامەیەی کە چێشتەنگاوێکی درەنگ دوای گەڕانەوەی لە دەریا لەگەلّ چنگێ بەڕووی لووس و کلاّودار فڕێی دەدایە**

کۆشم ئەو نامەیەی کەتەواوی ڕوانینی منی بۆ خۆی ئاوەژوو کردەوە وەك نوخشەی ڕاڕاییەکی تر بە خۆم سەیرم دەکرد ..

{ یاسەمەن ئەمشەو لە کاتێکدا وەك ماسی گرێکی شەکەت دوای دوور هەڵدانی قولاپ و سەوڵە تۆڕەکان دەنێو بەلەمەکەمدا چاوم بڕیبووە ئاسمان، بیرم لە شتێکی سەیر دەکردەوە یاسەمەن بیرم لە عەشق دەکردەوە خودی عەشق وای یاسەمەن چەند بەنەوڕسان دەچێت هەردوکیان مایلن بە فڕینێکی هەتایی و بێ کۆتا یاسەمەن کە نەوڕەس دەگیرێت ئیدی لە فڕین بە تاڵ دەبێتەوە قەدەری خەونی خۆی دەبەخشێتەوە نمایشی پەنجەکان، عەشقیش وایە یاسەمەن هەمیشە حەزی لە بەرزاییەکانە هەر بەتارماییەکی ئاوی دەچێت ئەوەندەی پێ ڕاگەیشتی هەڵدێت، هەڵدێت لە دالآنی تەسکی ژوورەکان لە پشووە پچڕ پچڕو کورتەکان .. }

ئەی بۆ تەنها ئاوڕێکیشی نەدایەوە ؟ ئەم پرسیارە پرزۆڵ پرزۆڵم دەکات .. بۆ تەنها دەستێکیشی بەرز نەکردەوە ؟ !! ئەو دەستانەی سالأنێکی زۆر سمبولی گفتە نەوتراوەکانی من و ئەو بوون..

منێك لە بولێلی ئەو بەیانیە ساردەدا بە دزی دایکەو باوکە برا ڕدێن هاتووەکانەو خوشکە خیزل و بوغزنەکانم لە پشت تانکیە زل و هەڵ ئاوساوەکانی سەربانەوە لێم ئەڕوانی و هەنسك هەنسك ئەگریام لە دووری چێندەها مەترەوە هەستم بە خورپەو هەناسەو سێبەرەکانی ئەکرد، ماتی و حەپەساوی گلێنە داکەوتوەکانیم دەخوێندەوە، ئەو بەیانیەی کە زانیم تاقانە ئیدی نیگەرانە ئەو عاجزییەم لەهەناسە سارد و ئەڵقان ئەڵق بووەکەیدا چاو کرد زانیم ئاااە زانیم بێزار بووە لە سۆزو عاتیفە شپرزەکانی باوکە یەعقوب وەڕەسبوە لە ساختەچیەتی و درۆی قەبەی براکان !! لە ماتماتیکە لنگەو قوچەکانی مامۆستا ئاریان !! لە حیکایەتی پاڵەوانە فیشاڵ و عاشقە ترسنۆك و کچە

هەتیوەکانی نەنە حەبێ .. لە خەونە بێ کۆتاو پچڕ پچڕەکانی دەریا، ئەو خەونانەی ئاوێزە لە فەنتازییا و ئارایشتکارانەی خۆی بە پولەکەی ماسیەکان دەینارد بۆ من، وای مەزەندە دەکرد کەتاکە یاسەمەن و تاکە پەری ناو حیکایەتەکانی ئەوم ..

نا.. نا.. من هەرگیز یاسەمەن و پەری ناو حیکایەتەکانی ئەو نەبووم، ئەڵبەتە نەمتوانیوە سێبەری ڕاستەقینەی ئەو عەشقە شێتانەییەی ئەو بم، نەمتوانیبوو لە خورپەو هەڵچوونەکانی بگەم تامی فرمێسکە گەورەو سوێرەکانی بکەم ئەو فرمێسکانەی لە دەمەو ئێوارە تاریکەکاندا لەلۆچی نامە حەزین و لەرزێنەرەکاندا بۆمی دەنارد .. ئەو کە ئیتر زانیبووی من پەری و یاسەمەنی ئەو نیم نابمەوە بەو کچەی گەمارۆ دراوی وەهمە زەوەندو خەیاڵە چڕەکانی ئەوە، ئەو یاسەمەنەی لەسەر پەڕی گوڵە ناز نازەکان دادەنیشێ و ڕووناکی لەسەر پەنجەکانی هەڵدەکات کاڵ نابێتەوە بەو هەمووە خەت خەتێنەی بە وەرزەکانی دەکات ..

ئاخر ئەو بەردەوام لەسیلەی کۆڵانە تەنگەبەرەکەدا لەپشت بلۆکە هەڵڕێژراوەکانەوە بەگێری دەهێنام وەك مناڵێکی گڕۆز و وڕك گر لە پەسا دەیگووت :

-{ یاسەمەنا .. تۆ ئەتوانیت .. ئەتوانیت بیتە پەری دەریا .. ؟ تۆ ئەتوانیت .........هاااااا تۆ ئەتوانیت .....؟}

-{ناااااا .. یوسف .. نا .. هیچ کچێ نابێتەوەپەری دەریا ... ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ هیچ کچێکت خۆش نەویستووە بەیاسەمەنیشەوە .. ئاخر چۆناهی کچێك دەتوانێت هەم پەری دەریاو هەم پەری ئەستێرەکانی دیکە بێ ..}

ساڵانێکی زەوەندە . . یەك ... دوان ... دە ... یوسف سەفەری کردووە من نەمدەزانی ئەوە دوا نامەو دوا گۆڕینەوەی هەستی کچێکی تاسەر ئێسك ڕاڕا بوو بۆ

كوڕێك كە هەروەك دار چیلكەیەك تادەهات ڕەقەڵە ترو ووشك تر خۆی دەنواند ..ئەو كوڕەی كەهەستم دەكرد قەدەرەكانی قەدەرێكی ئاڵۆزە چارەنووسیشی ناچێتەوە سەر مەوسمی چارەنووسە لێڵ و نادیارەكانی من ..

بەخۆمم دەگووت، نا ئەو شایستەی تەنها خاتوونێكە كەنەك پەری دەریا، بەڵكو پەری بیابان و پەری ئەستێرەكانی تریش بێت.. پەرییەك لیباسی بەری لە پرشنگە تیشك و كلی چاوانی خۆڵەمێشی سەدەها سەدەی لێك هەڵوەشاو بێت، كچێك لە بلورو گەوهەرو شووشە ...

نەمدەزانی نا... هەرگیز نەمدەزانی دوا گۆڕینەوەو دوا چپەو دوا خورپەی هەستی كچێك بوو بۆ كوڕێك كە باوكە یەعقوب پێی وا بوو نە ئەو ئێوارەو نەهیچ لە ئێوارەكانی تر ناگەڕێتەوە ..

ساڵانێكی زەوەندە بە زەوەندی تەواوی ئەو ئێوارانەی كە باوكە یەعقوب دەهاتەوە لای من، منێك كە یەكەمین كەسێك بووم چرە گومانێكم لە كەللەی ئەودا نابووەیەوە، ختوكەی تاكە ئومێدێكی كوژاوەی ڕۆحی ئەوم دابوو، گشت دەمەو ئێوارانێ لە بن دار هەنارەكاندا ئەیگرتم بەسیمای پیاوێكی مەلول و هەلا هەلاوە ئەگریا هێندەی نێو لەپەكانی فرمێسكی شووشەیی هەڵدەوەراند و وەك منالێكی ئەبلەق و سەرسام پێمی دەگووت:

-{یاسەمەنااااااااا تاقانە چیییی ؟! }

منیش قوڵ دەمڕوانیە ڕیشە سپیە هاتووەكەی باوكە یەعقوب و چرچی دەستەكانیم لەبیرەوەریمدا هەڵدەگرتەوەو دەمگووت :

-{ دەگەڕێتەوە !!!}

باوكە یەعقوب بەگومانێكی تاسەر لێو هاتووەوە پێڵوە داچەكیوەكانی لێك دەناو لەرەیەكی نەرمی بەكەللەی دەكردو دەیووت:

-{ تۆ چوو زانی یاسەمەنا ؟! }

منیش بەشەرمی کابانێکی پێکراوی عیشقێکی وونەوە دەمگووت :

-{ خەوەکانم وام پێدەڵێن .. خەوەکان.... یوسف واتە تاقانە جوانەکەی تۆ هەر شەوە بە چەشنێك دائەبارێتە سەر ڕۆحم.. شەوێك هەردوو چنگی پڕ دەکات لە بەفرو بەنێو چیمەنەکەدا ڕادەکات، شەوێکی دیان قەڵبەزە قەڵبەزە ئاو لەهەردوو پێڵوەکانیەوە تافەی دێ شەوێکی تر هەر دە پەنجەی دەستەکانی وەك گوانی مانگا فرێزییەکان بە هوروژم شیری لێ دەڕژێ، شەوێکی دی بە ڕەنگی شاتوو دەنکە گێلاس نەخشی ئەو ڕەوە کۆترانە دەکێشێ کە لە ئێوارەی هاتنەوەی کراسە کەتانیەکەی نێو دەستی براکان لە دامێنە خوێناوییەکەی هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە..}

تا ئەو شوێنەی پەردەی ناسکی حیشمەت و شەرمی خۆم بە یەجگاری دادەدڕاند بەرامبەر باوکە یەعقوبی گەورە سوێندم دەخوارد کە تاقانەکەی ئەو پێی ووتوم :

-{دەگەڕێمەوە یاسەمەنا.... دەگەڕێمەوە وەك کوڕی ناو حیکایەتە ئەفسوناوییەکان لەسەر مافوری بەیدەبا دەتخوازم ئەڵقەت لە پریشکی ئەستێرەکان و کراست لە پەلکە زێڕینە بۆدێنم... بەڵێن بێت یاسەمەنا دەبییەوە پەری چکۆلانەی دەریا!! دەبییەوە شابووکی ئەستێرەکان بەڵێن بێ بەڵێن......}

منیش هەردوو دەستەکانم وەك دوو باڵی پەلکە زێڕینە لەبەر بارانێ دا ڕادەگرت و لە توێی کراسێکی سپی ئاودامانی کە شەماڵ و کزەی دەریا یاری بە دامێنەکەی دەکرد، بە دەنگێکی تێکەڵ لە دڵۆپەی شەونم و بارانەکان بانگم دەکرد:

-{بەڵێن بێت .................]

باوکە یەعقوب دەیڕوانیە درشتی ئەشکەکانم و لەرزینی بێ ئەندازەی پەنجە کاغەزییەکانم و دەیگووت :

-{ واهیمەیە ..... واهیمە ...........واهیما ......}

قەدەری من ئەم ڕستە یە ڕژانە ئەتلەسێكی گەورەوە كە ئەتلەسی خنكان و هەڵتەكاندنی ژیانی من بوو هەڵتەكاندنێك كەمن بۆ خۆم كامەران و بە ختەوەری ئەو هەڵتەكاندنە بووم .

یەكەمین كات بەڕێوەبەر بانگی كردمە ژووره تایبەتیەكەی خۆییەوە هەردووك چاوانی وەك ناخی هەوره بروسكە ترسێنەر هەردوو دەستەكانی لە نێو یەكدا هەڵدەگلۆفت بە دەنگێكی تۆقێنەرەوە پێمی گووت:

– { لەبەر چی....؟یاسەمەنە فاجیرا ... لەبەر چی .....؟! لەسەر تەختی قوتابخانەكان دەنێو دەفتەری ئیملاو وەرەقی تاقی كردنەوەكان لە ساتی لێكدانەوەو تەواوكردنی هاوكێشەكان ئاخر بۆ یاسەمەن ؟ تەواوی ئەمانە بۆ ؟ !}

– منیش وەك پەپولەیەكی ترساو، پەپولەیەك لەلێواری شەمعێكدا و گڕی ئازارێكی گەورە باڵەكانی سوتاندبێ بە دەنگێكی ترساوەوە :

–{دەی...... دە گەڕێتەوە }

بەڕێوەبەر وەك پەل پەلكراوی نێو دەمی ئەژدیها پڕ بێ دەیگووت :

–{ كەوابێ تۆش دەگەڕێیتەوە !!!! تا دەگەڕێتەوە }

ئیدی ڕستەهای گەڕانەوەی یوسف سەیر ڕژایە فەرهەنگی زمانی منەوە كەنەك هەر پرۆژەكانی زیندەگیمی ئاوەژوو كردەوە بەڵكو لە لۆچ و پێچی چێندەها ڕوانینی سەیرتردا گەمارۆی داوم و فڕێیدامە كرۆكی چەندەها شەوەزەنگ و تاریكی قوڵ قوڵ، تاریكیەك كەتەنها تروسكەیەك بۆ من گەڕانەوەی یوسفۆكە بوو... یوسف واتە تاقانەكەی باوكە یەعقوب ..

من دەمگووت :

–{دایكە خەوم دیووە ... یوسف دەگەڕێتەوە ... دەگەڕێتەوەو كۆشم پڕ دەكات لە مرواری، بەهەناسەی ڕێحانە باوە شێنم دەكات گوارەم لە پەڕەی گوڵە نازنازەكان بۆ دێنێ .. دایكە یوسف ... یوسفی یاسەمەنا دەگەڕێتەوە }

دایکە تورەتر ئەگریجەی ژاکاوو ئاڵوزکاومی لە پێچی دەستە خڕ و زەندە قورسەکەیدا لول دەکردو دەیکێشا بەگلۆڵە چیمەنتۆی بن بلۆکەکانی حەوش دا وەك غەوارەیەکی دوورە دەست بە خەمە تاکانەو قولاًییە شپرزەکانی ڕۆحی کچێك شاتە شاتی پەڵە هەورەکانی دەحە پەساند بە دە نگێکی بەتاڵ لە میهری دایکانە دەیگووت :

–{ دێڵە شڕە بە تۆ چیییی... بە تۆ چی یاسەمەنە فاجیرا گەڕانەوەو نەگەڕانەوەی یوسف ؟!}

دەمزانی تا زیاتر لە سەر گەڕانەوەی یوسف واتە تاقانەکەی باوکە یەعقوب بدوابامایە دایکە توندترو بە جەزبەتر لێیدەدام خەستە تر جەستمی شین دەکردەوە باوکە تورەترو ماقوڵ تر هاشاوڵی بۆ دەهێنام .

وەك کۆترێکی پەڕو باڵ کراو هەڵخزاو لە گومەزی چەندەها حەسرەتی قوڵ لەودیوو هەموو شورەو پەرژینە زەوەندەکانەوە لە پشت دیوارو پە نجەرەو دەرگا بێ کۆتاییەکانەوە بانگم دەکرد :

{ یوسف تۆ لە کوێی ؟ لە کوێی تاقانە جوانەکەی باوکە یەعقوب تۆ لە کوێی ؟ لە پەنای جەنگی وردە ماسیەکانەوە نوستووی ؟ تۆ لە کوێی کوڕە کاکۆڵ زیڕینەکەی ناو میرنشینە شێواو پەرپوتەکەی نێو خەونەکانی من ؟ تۆ لە کوێی عاشقە چاپوك ومەردەکەی من ؟ لە کوێی ماسی گرە چاو ماتەکەی دەریا لە کوێی... لە کوێی؟!!}

براکان بە هەرەکەت تر دەیان کێشا بەکەللەی خۆیانداو دەیانگووت:

–{بەسیە .. یاسەمەنا .... دەبەسیا ...}

من سەرکەشانەترو توندتر دەمگووت :

–{ دەگەڕێتەوە }

باوکم نیگاکانی وەك نیگای کەڵە پشکۆیان دادەگیرساند دەموچاوی وەك بە هەورێکی تاڵ شتبێ هەردوو چاوەکانی بروسکە ئاسا بەبنمیچی ژوورەکاندا دەگێڕا و خە نجەرەکەی بەر پشتێنی توندتر لەکێلان دەردەهێنا ودەیگووتەوە:

-{ یاسەمەنا دەتکوژم ... دەتکوژم فاجیرا ............}

منیش وەك ئەوەی لە تاقی ئاسمانێکی دوورەدەست دا دانیشتبێتم ئاماژەیەکی هێورم بۆ دەکردەوە و پێم دەگووت:

-{ ئەزانم ................}

باوکە مشکیە ڕەشەکەی گەردنی توندتر دەکردەوە پەلەتر هەڵوەدای دۆزینەوەی قفڵی ئەو ژوورە نهێنیە دەبوو کەلە ڕۆژە سەختەکانی جەنگدا برا ترسنۆك و ڕەنگ پەڕیوەکانمی تێدا دەشاردەوە من دەمگووت :

-{ باوکە ......... ئاخر ئەمە خەوێکە و هیچی تر ...}

دایکە هەردوو لۆی لەچکە سپیە بێ لەکەکەی بەردەدایەوە سەر هەردوو مەمکە گەورەو شلۆ بووەکانی و کەفی دەچەراند و دەیگووت :

-{ بیبەن..... ئەو حەیابەرە .. ئەو فاجیرەیە بەرن ....... ئەو لە ڕەچەڵەکی بێ حیشمەتیە حەپس کەن .....!}

خوشکەکانم وەك ئەوەی من داینە سورێکی چکۆلە بووبێتم زمانیان لێ دەردەهێنام لوتیان لێ وەردەچەرخاندم، براکانم ڕدێنە چڵك گرتوەکانیان هەڵدەکڕاند و پشتوێنە ئەستورەکانیان توندتر دەکردەوە و بە باوکەیان دەگووت :

{ بیبە.. ماتڵی چیت !! دەبیبە ....}

باوکە هەردوو دەستەکانمی لە نێو دەستە توندو زبرو توکنەکەی خۆیدا دەگرت لەنێو حەوشەکەدا کێشی دەکردم، توندتر بەر شەقی دەدام نقورچکی گەورەتری لێ دەگرتم، دایکەو براکان و هەریەکە لە خوشکەکانم بەتوا نجەوە تێیان دەنۆڕیم و دەیانگووت :

-{یوسف دەگەڕێتەوە ؟!!}

لە ژێر نرکەو فشارو هانکە هانکەکانی باوکمدا بیرم لەبێکەسی و کزۆڵی باوکە یەعقوب و هەڵکورمانی بنیامینی چکۆلە دەکردەوە لەبن دیوارەکاندا بەرزتر دەگریام و دەمگووت:

-{ من دڵنیام دەگەڕێتەوە !!}

باوکە زیاتر بەحەوشەکەدا کێشی دەکردم لەقەی توند تری لێدەدام شێتانە ترو بە جەزبەتر هاشاوڵی بۆ دەهێنام منیش وەك ئاسکێکی غەمگین و بریندار لە نێو زبری دەستەکانی دا لە ژێر نرکەی لەقەکانی دا پاژنە قڵیش بردووەکانم زیادەتر لە درزی حەوشەکە دەخشان و وەك کەنارییەکی پێکراو دەگریام، حەسرەتی ساڵانێکی خەونێکی کوژراوی کچانە نقورچکی لە بەدەنم دەگرت و هەلا هەلای دەکردم، باوکەش زیاتر کێشی دەکردم تا ئەو شوێنەی کە ئیدی حەوسەڵەی ڕاکێشانی کزتر دەبوو، بردمیە ژووره تایبەتیەکەی براکان، وەك چۆن کەرویشکێکی چکۆلە لە کولانە دەهاویت لەو ژوورەی هاویشتم بە قفڵێك دوو هێندەی نێو لەپی خۆی گەورەتر دەرکەکەی لەسەرم داخست و برقەکەی کوژاندەوە هەردووك لێوەکانم وەك پێرە گەنمی سەر بێژەنگی پیرە ژنێکی سەلار دەلەرزین چاوە گەورەو مەستەکانم ئەو چاوانەی کەیوسف وەك دوو دەنکە ترێی قەرسیلی باخە دوورەکانی بەهەشت وێنای دەکرد وەك لە ماراسۆنی ئاشتنی ڕوناکیەکی ئەبەدیدا بن تا دەهات چکۆلەتر دەبوونەوە، ڕەنگیشم دەچوویەوە سەر ڕەنگی ئەو مەیمونانەی کەلەسەر دوا پەلکی درەختەکان بەجیجکانەوە دادەنیشتن ..

لە دوا چرکەکانی ڕۆشتنەوەی دا بە دەنگێکی پەڕپووت و فەرهود کراو لە هەموو ئومێدێك ئەگریام و هەنسك هەنسك هاوارم ئەکرد،

-{ باوکە ...... بۆ ؟ .... بۆ ؟ ..... بۆ ؟!}

باوکە وەك ئەوەی بایەك بە دەوارێك پێنەکەنییێ بەڕا پلەکاندا سەرکەوتەوەو بە تەنها کۆکەیەکیش وەڵامی نەدامەوە..............................!!

2003 / 11 /10

سلێمانی

(3)

## ونبوون لە کایەکانی گومان دا

هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەو کارە بکەم زۆرجار دەهات بە خەیاڵمدا وەلێ زوو پەشیمان دەبوومەوە،هەندێ شەو بێ پەروا بەنێو هۆڵەکەدا پیاسەیەکی ئارامم دەکردو لەبەر خۆوە گۆرانیەکانی( داریوش)م دەگوتەوە..

هەمیشە بیرم لە دزینی کلیلەکان دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە چۆناهی بتوانم سەفەر کەمە ناو هەناوی تاریکی ئەو تاکانەوە کەلێوانە لەملوێنوکی ڕەنگین و کەوای پشتە ماسی و ستیانی شیفۆنی و تاقمی ماکیاژی هەمەڕەنگ و عەتری نازك و دەفتەری چکۆلە چکۆلە..

من هەردەم لە ئەدگاری ئەواندا بەتاییەت ئەو (نازە) شتگەلێکی نهێنیم دەخوێندەوە، دەنێو چاوەکانی ئەو دا ڕێبوارێکی شەکەتم بەژانتایەکی گەورەی لێوان لەیادەوەرییەوە دەبینی، ڕێبوارێك لەمابەینی دوو ڕێیانێکدا بە ئەسەفەوە

وەستابوو لە سەر خۆ جگەرەی دەکێشا، چاوەکانی وەك دڵی کەو کەبێکی نازەنین دە بریسکایەوەو لە خۆڕا وون دەبوو.

ئەوان هەمیشە بێدەنگ و شەرمنۆك بوون بەتایبەت ئەو ( نازە)...ئەو لەهەموویان بێدەنگ ترو نامۆتر دەبینرا، هەرگیز لە ساتەکانی نان خواردن دا هێندەی من و دایکم و بابم و خوشکە شەرمنۆکەکانی ترمی نەدەخوارد، ئەو جودا لەمن و خوشکەکانم لەسەر سیسەمە یەك کەسیەکەی خۆی ڕاکشاو فلوتێکی هێمنی سەر دەخست..

ئەوان خوشکە جوانەکانی من بوون، خوشکە قەیرەو توحفاویەکانم، ئەو خوشکانەی هەریەکە بە چەشنێك زیندەگیان دەگوزەراند هەر تەرەفێکیان ئارەزوویەکی جودای بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی ماڵ هەبوو، شەوانە بەبێدەنگ کتێبێکیان لە کتێبخانەکەی بابم دەر دەهێناو ورتە ورت لەژێر لێوانەوە دەیان خوێندەوە..

ئەوەی زیاد لە هەموویان ڕایەڵەکانی دەهشەتمی بۆلای خۆی کەمەندکێش دەکرد خوێندەنەوە بێ کۆتاو قوڵەکانی نازە بوو..

ئەو کە هەمیشە لەتێکستێك دەبوویەوە قاوەیەکی خەستی فڕەکردو قوم لە دوای قوم بەدەم دووبارە کردنەوەی دەقەکەوە هەڵی دەدا و گومانی لەهەموو شتەکان دەکرد،

(نازە) ئەو خوشکە قەیرەو سەنگینەی من، هەندێ جار سەری نامورادی دەنا بە دەرگای تاکەکەیەوە دانە دانە یادەوەریەکانی خۆی دەردەهێناو زەنگۆڵ زەنگۆڵ ڕندۆکی بەسەرا دەباراند بە قەڵەمێکی تاریك لە سەر ڕووبەری کاغەزێکی ڕەنگاو ڕەنگ دەینووسی {هەرگیز یەکتری نا دۆزینەوە }..

ئەو بە درێژایی دەم ژمێرەکە دەگریاو موتالاّی دەکرد، من دیقەتم دەدا لە هەمووان زیاتر ئەو ڕۆمانانەی دەخوێندەوە کە کاراکتەرێکی فەرامۆش کراو و نامۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینیٚ..

ئەو بێدەنگیە قولّ و ئەو گریانە بیٚ سەودایانەی ئەو هەمان کاری بەمن کرد کەبیر لە دزینی کلیلەکان بکەمەوە، منی برا بچکۆلەو تاقانە..

ئەو شەوەی کە دەرکی تاکەکانم ترازاند، هەستم ئەکرد چەندان گرێی کوێرەم کردۆتەوە کردنەوەی ئەو گرێیانەش بۆ خۆی کردنەوەی ئەو دەرکە دۆزەخیانەبوو کە بۆ ئەبەد ژیانی منی تیا قەتیس کرا، بۆ من ئەو سەقەرە بوو کەچەندەها جار شعورمی تیا دەقرچێنرا ..

ئەو شەوەی دەرکی ژوورەکەیانم کردەوە، ئەوان چوون سیٚ پەپولەی خالّ خالّین لەباوەشە ئارامەکانی خەودابوون،وێدەچوو هەریەکەیان بە جودا لە ناو یەك لەمێر گەکانی بەهەشت دابێتن.

( نازە ) ڕۆمانی {جیهانی سۆفیا}یی یوستاین گاردەری لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، لە پەڕە گرافێکی چکۆلەدا ئەو ووتەیەی (گۆتە)ی ئەڵمانی نوسیبوو کە لەسەر یەکەمین لاپەڕەی ڕۆمانەکە نوسرابوو {ئەو کەسەی لە مێژووی سیٚ هەزار ساڵی مرۆڤ بە ئاگا نەبێت تەنها بۆ ورگی ئەژی}..

ئەو بەئەستەم بزەی لەسەر لێوان دەبینرا بەتاییەت ئەو کاتانەی کەلەنووسینی دەقێکی شعری دەبوویەوە بەدەنگێکی مەحزوناویی بۆ خوشکەکانمی دەخوێندەوە، ئەگەر ئەوان ئەرێیەکیان بۆ بکردایە ئەو خەندەیەکی نیانی ئەگرت، نیان وەك هەموو ئەو ئێوارانەی بەنهێنی دەڕۆشتە باخچە چکۆلەکەی مالّ و هەرمێییەکی لێدەکردەوەو لەسەر خۆ بەر قەپی دەدا، من هەندیٚ جار لەبن دارهەنارەکاندا خۆم حەشار دەدا بۆ ئەوەی ئاگام لە درشتی ئەتوارەکانی بێت، ئەو بە حەسرەتەوە لەپەلکی درەختەکانی دەڕوانی، دەنکە دەنکەی هەنارەکانی

دەتلیقاندە سەر زاری پاش گەڕانێکی چەند خولەکی بەنێو باخچەکەدا چاوەکانی بە چوار ئەترافی خۆییدا دەگێڕا، بەکاوەخۆ دەستی بۆ مەمکبەندە سورەکەی دەبرد، نامەیەکی چکۆلەی دەردەهێناو دەیخوێندەوە، گەر بەدڵی بوایە دەینوساند بەسنگیەوە چەندان جار ماچی دەکرد، گەر بەپێچەوانە شەوە بایە وردو درشت پارچە پارچەی دەکردو دەیخستە گیرفانی چاکەتە ڕەشەکەیەوە، من نەمدەزانی کانگای ئەو پەڕەگرافانە لەکوێوە دێ ئاخر ئەو هەر ڕۆژە بەنامەیەکی تازەترو ڕازاوەترەوە دەهاتە باخچە، هەر ئێوارەیەك بە چەشنێك ئەگریجەی دادەهێناو ماکیاژی مات تری دەکرد، من دەمزانی ئەو هەناسەو ژێیەکی تایبەتی تێدایە،ژێیەکی ڕاڕا، ژێیەك بەردەوامی لە خوێندنەوە بێ پشوو بێ کۆتاییەکانی وەردەگرێ .. ئاخر هەمان ئەونیگاییانەی کەپێکی خەوییان هەڵ نەدەیا دەلیلم بوون کەبزانم ئەو بەدوای وەرامی پرسیاریەکی سەخت دا دەگەڕێ ..

من هەستم ئەکرد ئەو گریانە ناوەختانەی( ئەو ) ئەو پرسیارە پڕ نهێنیانەی( ئەو ) ئەو گومانە کوشندانەی( ئەو )بەڵگەی بوونی شەخسیەتێکی تایبەت و نا ئاسودەبوون .. ئاخر( ئەو )لە دەرەوەی بازنەی ماڵەوەش هەر ئەو چەشنە مامەڵەیەی هەبوو، دەمزانی لە خوێندنگەش دا هەر بەو نیگا نامۆییانەوە لە هاوڕێ و مامۆستاو بەڕێوبەرو میتۆدەکانیش دەڕوانێ ...

ئەو لەیەك لەکوچەکانی قوتابخانەدا بەتەنێ دادەنیشت و کتێبێکی چکۆلەی لەنێو ژانتاکەی دەر دەهێناو لەسەر خۆ دەیخوێندەوە، وە بەپێچەوانەی هاورێ کانەوە هەرگیز موتالای کتێبەکانی قوتابخانەی نەدەکرد، هەموو جار پەڕەگرافی تاقیکردنەوەکانی بێ چ وەرامێك دەسپاردە مامۆستا، ئەو هەمیشە چوون مرۆیەکی سەر سام و پرسیار کەر دەبینرا کتو مت ئەو مناڵە چکۆلەی کەلەپاش چەند مانگی هاتنە دونیا هەموو ڕەهەندەکانی جیهان بە دەهشەتەوە چاو دەکات..

من تا ئەو شەوەش کە دەرگای تاکەکەیم کردەوە هەرلەعاشورایی ئەو گومانانەدابووم، دەمویست بۆتەنها جارێکیش بێ ئەو چارشێوە لابەرم و ناخی ئەو تاکە ببینم، نەمدەزانی لابردنی ئەو چارشێوە دەبێتە ئەو داینەسورەی کەبێ فاسیلە دان شعورم کەرت کەرت دەکات، دواى تێگەیشتن لەو نهێنیانە دەریایەکی بەسامی سیخناخ لە شەپۆلی توندڕەو نغرۆ کەر تائەو ڕادەییە نەتوانی یادگاریەکی پەمەیی لەگەڵ ماسیەکدا بەجێ بێڵێ، من هەموو جار بە ئارامیەکی کوشندەوە لێی دەچوومە پێشێ و پێم دەگووت،:

–(نازە) تاکەی ئاوابە بێدەنگی دەمێنیتەوە ؟!

–تائەو دەمەی دەمامك لەسەر هەموو شتە شاراوەکانی دنیا هەڵدەدەمەوە...

من ئەو شەوەی کە دەرکی تاکەکەیم کردەوە بە خۆم دەووت:

{دڵنیا بەخاتر ئەوەی ناکەمەوە کە ئابڕووتی پێبەرم، بەقەد ئەوەی دەمەوێت بگەمە ئەو یەقینەی کەتۆ خوشکەکانم و لە من جودا دەکاتەوە هۆکاری گۆشەگیریی و خەمە قوڵەکانت خوێندنەوە بێ پەروا کانت بزانم.}

ئەو شەوەی کە ڕۆشتمە ژوورەوە (ئەو)لەسەر لا خەوی لێ کەوتبوو ئەگریجەی زیوینی بەسەر پەڕی تاوسەکەدا بلاْو کردبوویەوە، وێدەچوو ئەو شەوە تەنها شەوێك بووبێت کە دواى سالاْنێکی شپرزەیی خۆیی بەئارامی تیا خەوتبێت، یەکەمین جار تاکەکانی ئەوانم کردەوە وەلێ شتگەلێکی وام چاو نەکرد کە شیاوی ئەوە بێت دەگەڵ خۆم بیبەمە دەرێ، بەلاْم لەگەڵ کردنەوەی تاکەکەی ئەو دا بەستە بەستە وەرەقەی گەورەو نامەی چکۆلە چکۆلە و دیاری جوانکیلەو شتی پیرۆزی تر، بەلاْم ئەوەی دەیوەستاندم ئەو دەقە دوورو درێژانەی بوون کەلە سەر پیرۆزمەندییەکانی مەو هاوڕێ کانی نووسیبووی، تەڕحکردنی پرسیار گەلێکی وا کە ئێمە هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان بیرمان لێ نەکردبوویەوە..

سەیرترین شت لەلام بوونی وێنەی ئاورنگ داری ئەو کوڕە کاکۆڵ ڕەشانەبوون کە (نازە )هەرگیز وەرامی چ یەکێکیانی نەدابوو بویەوە، ئەو بە دەست ئازارێکی قوڵی ناخیەوە دەینالاْند، ئەو دەیویست بگاتە دڵنیایەك تاتەنگ بەڕاڕاییەکانی هەڵبچنێ،

**ئەو هەرچەندە هیچ یەك لەو نامانەی فەرامۆش نەدەكرد، مەگەر ئەو نامانە نەبێت كەلە باخچەكەدا دەیدڕاندن، ئەو نامانەی كە بە توانج زەخرەفە كرابوون تا گۆزەی ئیرادەو شعوری ئەوی پێ بشكێنن، ئەو لە كۆتایی هەریەكە لە نامانەدا كەداوای خۆشەویستیان لێكردبوو نوسیبووی:**

**{بم بە خشە هاوڕێ گیان، سەقەرێك لەڕاڕی و پرسیار لە شعوری من دایە، مەملەكەتێك لەنائارامی لەڕۆحی من دا هەڵتۆقیوە، لە زاكیرەی یەكێكی تر دا یادەوەریی خۆت تۆمار كە، من ناتوانم ئاسوەدەیەكت بۆ فەراهەم كەم بم بەخشە...!}**

**من تا ئەم چركەیەش نازانم (ئەو)چۆناهی بەكردنەوەی ئەو تاكەی زانیبوو لە كاتێكدا من هەموو شتەكانم چوون خۆی دانابوویەوە؟**

**(ئەو) شەوی دواتر پاش هەست كردن بە كردنەوەی تاكەكەی تیكڕایی یادەوەریەكانی دەنێو ژانتایەك نابوو، سپێدە بەر لەوەی كەس وە ئاگا بێت لەسیلەی كولانە تەسكیلەكە دەرچووبوو ..**

**بە هەر چەشنێك بوو بێت كەس نەیدەزانی من تاكە فاكتەری ئەو وونبونە بێ ئاكامەی (ئەو)بووم . بۆمن كردنەوەی ئەو تاكانە كردنەوەی تێكڕایی مەینەتیەكان بوو، بزربوونی ئەو كچە پەپولەیە بوو كەڕۆژێك لەڕۆژان لەسەر پەنجەرەكان دەنیشتەوە .**

**من دەبوو لێبگەڕابامایە تائەو لەگەڵ یادەوەریی و پرسیارو ڕاڕاییەكانی خۆیدا بژیابا، بەنهێنی دڵنیایەكانی بدۆزییایەوە، هەر چەندە (ئەو ) لەسەر تێكڕایی پەڕەگرافەكانی قوتابخانە و یادەوەریی نامەو تەنانەت تاكەكەشی نووسیبووی :**

**{دڵنیام حەقیقەت نادۆزرێتەوە !!!!!}**

**2002 / 9/ 5**

**سلێمانی**

(4)

## پێشبينيەكانى نێچيرێكى سەركەش

من دەمگووت ئەمە ژنێكەو و پێشبينى ئەكا، وەلێ ئەوان وەك عادەتى ئاسايى خۆيان قەشمەرانە دەيانڕوانيە گفتەكانى من و سيگارە تاريكەكانيان ڕۆشن دەكردەوە لاقە ئەستورو توكنەكانيان دەخستەوە سەريەك و پرستاڵەكانيان لەلێوەكانم نزيك دەكردەوە ..من باسم لەونبوون ومەرگى خۆم دەكرد ئەوان قامكە زبرو توندەكانيان غەرقى ڕدێنە پڕو تۆزاويەكانيان دەكردو نيگاكانيان دور دوور هەڵدەيا، وەك بڵێى داڵغەيان لەشوێن هايەكى تربێت ..

من ئەگريام و سەرم ئەكێشا بە سنگى سەختى ديوارەكاندا، ئەگريام لەخۆمدا بۆ منى چەندەها گەڕەلاوژەم دەتەقاندەوە، بازيم لەگەڵ چەندەها شەپۆلى بەهەرەكەتدا دەكرد، دڵم وەك كورەيەك پەنگرى داگيرساو ڕندۆكەكانى ئەوكميان دەكولاَن،، گلێنەكانم چەشنى دوو گلۆپى چكۆلەى بێ تەزوو هەڵدەبون وە دەكوژانەوە، جەستەم هێندە پتروكابوو چوون پەڕە كاغەزێكى چەند ساڵە بەهەر دەست لێدانێك هەڵدەوەرى ..

مەمکەکانم واااى لەمەمکەکانم هەروەك دوو لیمۆى گوشراو پوکابوونەوە .ئەدگارم زەردتر لە گۆناى هێشووە مۆزێکی گەییوو نەوازشی گریانێکی قوڵیان دەکرد ..

من ژنی ناو ئێوارە گەردن کەشەکان، وەچەى لاساریە قوڵەکان و پرسیارە ترسێنەرەکان،ئەو ژنەى کە هەمیشە مەحشەر لە پەنجەکانیا هاتوو چۆى دەکرد.. قیامەت لە ژێر تەپ و تۆزى نەعلە ڕەشەکانیا هەناسەى دەدا ..

من بەوانم گوتبوو کەدەمرم، تەنانەت ساڵ و مانگ و ڕۆژ و چرکەکەشم بۆ دیارى کردبوون ..

وەلێ ئەوان خەمساردوو بێ باك قاقا پێدەکەنین و خەنجەرەکانیان لە کێلان دەردەهێناو قامچیەکانیان بەرزدەکردەوەو دەیانکێشا بەلا ڕانمداو وەك سەودا گەرێکی کارامەو بەئەزموون بە دەنگێکی گڕەوە دەیانگووت،

-(یەککو لە ژنێك ئەگەر بشمرێت، لە خەیاڵەکانی ئێمەدا نامرێت !!)

من پێم گوتبوون لەوەرزێکدا دەمرم عەرد ڕەنگێکی پەمەیی دەگرێ ئیدى دیوارەکان خۆیان دەبنەوە بە درەخت و ئینجانە و بەرو بووم دەگرن، نێو پێڵاوەکان پڕ دەبێ لە شاتوو، شەقامەکان پڕدەبن لە دەنکە هەنار شار بۆنی پرتەقاڵ و گێلاس دەگرێ،، من دەمگووت سوێندم بەهەموو پیرۆزییەکان بەڕۆشتنم قەدەرێکی تر دنیا ئەتەنێ، ئیسرافیلێ تر فوو بەنەفخی سورا ئەکاو مرۆڤی سەیرتر دەرژێنە دنیا . پەرى چکۆلە چکۆلە دادەبەزێ و بەگلاً سی شەراب و مەزەى ڕۆحەوە، بەجلکی کەتانیی و جواناوى بەدەنیانەوە، لەدەور مێزەکانتان دادەنیشێ، ئاااه پەرى گەردن هەنگوینی و چاو بەکل بەمەستی باوەشێنتان دەکات، من دەمووت ماچی پەرین مزرترە لە کرۆکی هەنار شیرینترە لە شانەى هەنگوین، شەوى پەرییان خۆشترە لە هەموو شەوەکانی من و شەوەکانی ژنەکانی دیکە، ئەوان چەقۆکانیان لە هەسانێ

دەدایەوەو قامچیەكانیان توندتر بەلاڕانمدا دەكێشاو بەسەرپەنجان سمێڵە تیژو چڕەكانیان بادەداو دەیانگووت:

{ژنەكە شەوێكی تۆ خۆشترە لە تەواوی شەوی پەرییان، دڵۆپە ئاوێكی پەنجەكانی تۆ لە گلاسە شەرابەكانی ئەوان و مەزەی عەزابدانی تۆ خۆشترە لە هەموو مەزەكانی دنیا ..}

من دەگریام ئەوان دەمانچەكانیان دەردەهێناو چاوەكانیان وەك نیگای فسفۆڕ هەڵدەكرد، من گۆرانیم دەگووت و ئەوان چەشنی گەلە كەڵەشێرێكی سەربڕاو هەڵبەزو دابەزی خۆیان لە سنگی عەردەكە دەخشان، من ڕامكردو ئەوان بەدووم دادەهاتن، دەچووم وەها شوێنگایەك كەهەرگیز خەیاڵ نەیدەگەیشتێ، دەگەشتمە هەر فەریكە قارچكێك پەڕەكانیانم هەڵدەدایەوەو دەمنووسی :

{وونبوو ئەو ژنەی ماچی مەست تربوو لەماچی پەرییەكان}

ئەوان بێ دەربەست پەڕەی قارچكەكانیان لە ژێر فشاری پێلاوەكانیاندا دەپلیشاندەوەو لالێویان تەژی ئەكرد لەبزەی تاڵ و خەمسارد لەگەمە هەڵخەڵەتێنەرەكانی من لە دووم دەگەڕان و دەیان دۆزیمەوە ..

ئەوان ڕەوە ڕاوچیەكی پیرو كامڵ، من نێچیرێكی گەردن كەش، نێچیرێكی یاخی لەووشەی نێچیر .. من دەبەریان دەپاڕامەوە، تكام لێدەكردنەوە،هێندە نا دەگەڕێمەوە باوەشتان، هێندە نا گوڵاوی هەناسەكانتان هەڵدەمژمەوە، هێندە نا دەگەڕێمەوە گیرفانی شەهامەتان..

ئەوان وەك كەشف كەری تەواوی نهێنیەكانی من دەیانگووت :

{ئەمریت ژنەكە ئەمریت، ئەمریت نێچیرێك تامت لە هەموو نێچیرەكانی دنیا خۆشترە، دڵۆپێكت لە تەواوی دڵۆپەی هەموو نێچیرەكانی دنیاو جەنەت بەتامترە، نایەڵین بمریت مردنی تۆ پیاوەتیمان هەڵدەلووشێ،وونبونت وەك ئیسفەنجێكی گەورە ئینسانیەتمان هەڵدەمژێ ..}

**من هەردووك چاوەكانم بە حەزی ئەوان ئەبەستەوەو، دەرگاكانم دادەخست و، پەنجەرەكانم پێوە ئەدا، نێو چاوانم بەتیشكۆی چاوە ڕقاوییەكانی ئەوان بەردەدایەوەو پێڵوەكانم غەرقی تاریكیەكانیان دەكرد و بە قامكە قامیشی ڕەق هەڵهاتووەكانم لەسەر دەفتەری نێوچاوانی هەریەكەیان دەمنووسی:**

**{مانەوەم لە بەهەشتەكانی ئێوەدا دەمكوژێ، دامدەڕزێنێت بۆنی سمێڵ و بن باخەڵ تان،هەلا هەلام دەكات بۆنی گۆرەویی و سەبیل و دەمانچەكانتان، سوار بوونی ئوتوبوس و هێسترەكانتان، بۆنی بۆینباخ و چاكەت و مرادخانی و پوزەوانەكانتان، بۆنی قۆنەرەو پۆستاڵەكانتان، بۆنی كتێب و باروتەكانتان ..}**

**ئەوان گۆرەویەكانیان دەهێنایەوە بەر كەپووم و بەنینۆكەدرێژو خوڵ گرتوەكانیان وردەتووكی ئارەق گرتووی بن باڵەكانیان هەڵدەكێشاو بەتاڵە قژی بۆزییان دەیان بەستمەوەو دەیانگووت :**

**{بفەرموون شۆخ ترین نێچیر، بفەرموو بۆنی ئەو نێرگزەی تەواوی ژنەكانی دنیا بۆی دەگەڕێن، سەبارەت بەمەرگیش مرۆڤ بۆ هەمیشە بوونەوەرێكی درۆزنە }**

**من دەستەكانم بە سینەمەوە دەگرت و هێڵنجم دەهاتێ خواستم بوو دنیا پڕ بكەم لەڕشانەوەی خۆم، كەون پڕبكەم لەكیم و جەراعەتی وەرەسیم بە دەنگی مەلێكی پەڕوباڵ كراوی كەسیفەوە دەمگووت :**

**{هەموو نێچیرەكانی دنیا بۆ خۆتان، هەموو نێچیرەكانی دنیا، هەموویان ئاااه هەموویان }**

**جار لەدوای جار هەستم دەكرد تۆنەكانی دەنگم دەگۆڕا و نەوی تر دەمگووت:**

**{مەرگی من لە دەفتەری نێو چاوانتانایە، ئەمە ژنێكەو پێش بینی ئەكات پێشبینی !!!!!}**

**2002 / 5 /18**

**سلێمانی**

(5)

## جەنگی ئاوێنەکان

مێردەکەم هەموو ئاوێنەکان ئەشکێنێت،سەر لەبەری پەنجەرەکان بەلیستی ئەو پرۆپاگەندانە ئەگرێت کەبەیانیان پۆستەچیە خەواڵوەکە بەدەم چەندەها باوێشکی زل زلەوە فڕێیدەداتە پۆستەکەوەو ئەڕوات،وەك ئەژدیهایەکی خیزلە کەدەنگی من لەژێر هەناسەکانی دا تا دێت کپ تردەبێت ئەنەڕێنێت، من دەسکی دەرگاکەم گرتوە وەك ئەوەی لەسەر پێبم بۆ شتێك کەتا ئەمڕۆ نازانم چیە،پەنجەکانم ئەلەرزێت،وەك هەمان ئەوڕۆژەی کەدەستم بەئەڵقەڕێزی دەرکەکەی دوادییوی پشت باڵکۆنەکەی ئەوەوە ئەلەرزی پێم ووتەوە:

_بەلاّم من ئیتر ئەتوانم لەکوێی تر هەستت پێ بکەم؟

بەلەپی دەست کۆمای ئەو نامانەی لا ئەیا کەلەگەردوگوڵی ئەو بەیانیەدا گەشتبوونەپۆستی ڕۆژنامەکەی ودوا نەفەسی جگەرەکەی لەتەپڵەکەئاوییەکەی بەردەمی دا کوژاندەوەو جگەرەیەکی تری داگیرساند،هەرگیز چاوەڕوانی ئەو قسەیەم لێ نەئەکرد.

**(لە هەر شوێنێك ئاوێنە هەبێت من لەوێم)**

**هێشتاکە دڵم لەدوا ورتەی ئەو ڕستەیەدا لێ ئەیات مێردەکەم هاوارم لێ ئەکات دابنیشمەوە ئەگینا,,,,,,،دایکم لەسەر هێڵی تێلەفونەکەیە دڵنیام ئێستا کەدەستی بەگوشیەکەوە چوون دەستی من بەدەستی دەرگاکەی ئەوە ئەلەرزێت،بیر لەوە ئەکاتەوە کەئەمە کاری کچە فاڵچیەکانی مامە فلأمەرزمە چەند جارێك داوادەکات کەبچمە سەر هێڵ وقسەی لەگەڵ بکەم جار لەدوای جار دەنگی کپ ترو کزۆڵەتر ئەبێت.مێردەکەم وەك پیرە پشیلەیەکی خەسیوو ناقۆلاو گرۆز دەنگی بەرزتر ئەکاتەوە:**

**_ئەو کەلەجەنگی ئاوێنەکاندایە،حەیشەرییەکەبۆ خۆی ئەو کەئەڕوانێتە ئاوێنەکان و ئەگری،ئەو کەئیتر خۆی نابینێت ئەوەی دەیبینێت دەعبایەکە کەشەرەفی من و شەرەفی ئێوە لەژێر چنگیا ئەم دیوو ئەو دیووئەکات..لەژێرلێوەوە قسەیەك ئەکەم وەك ئەوەی کەبڵێم ئەو کەدەعبانیە،مێردەکەم چەندەها جار دووبارەم لێ ئەکاتەوە ئەیەوێت بزانێت ئەڵێم چی هیچ ناڵێم ئەگەڕێمەوە جێگەی خۆم بەدوای ئەو کەرتە ئاوێنەیەدا ئەگەڕێم کەتیایدا هەست بەنەرمی پە نجەکانی ئەکەم،هەست بەئەڵقان ئەڵقی ئەو دوکەلأنەئەکەم کەلە کەپویەوە بەرزو بەرزتر دەبوویەوە تا ئەگەیشتە قولأیی شتێك ئەو کاتانەی مێردەکەم لەسەر تەختی سیسەمەکەی خۆی سەرینەکەی لەباوەش ئەناو بەدەستێك کەمن بەدەستی شەیتانێکی پیرەڵەنێوم دەهێنا، نەوازشی ئەگریجەمی ئەکردو بەدوای ئەو قولأییەدا ئەگەڕا کەنیوەناچڵ وێنەکانی ئەو وەك عومری من لەگێرفانەکانی ئەمدا خەوتبوو.**

**دایکم بەپۆستی خێرادا چەند نوشتەیەکی لەسەرو پێچراوی مامە سۆفیم بۆ ئەنێرێت،مێردەکەم یەك بەیەکیان ئەکاتەوە و خۆی پێ ئەسڕێت من لەدوورەوە سەیری ئەکەم و هیچ ناڵێم ئەو لێکدا لێکدادەیڵێتەوە من ژنم هێناوەنەك**

جادووگەر..جگەرەیەك دائەگیرسێنێت وپیکێك تێئەکات وداوا ئەکات جیازی پەیوەندگەرەکەی لێ نزیك بکەمەوە، ژمارەی خانمی دکتۆر وەر ئەگرێت داوای مەوعیدێکم بۆ ئەکات، نیو کاتژمێرێك لەگەڵ خانمی دکتۆردا خەریکی قسەگۆڕینەوەیە نیوەو ناچڵ ووشەکان لێك ئەدەمەوە ئەزانم ئەیەوێت لەخانمی دکتۆر بگەیەنێت کەهەمووکەس ناتوانێت جوانی وناشیرینیەکانی ئێرە هەڵگرێت،ئەڵبەتە بەم زمانەی من،هەمووکەس ناتوانێت دەرەقەتی ئەم تاریکیەبێت کەنورێك بەفوارە لەژێریەوە ئەڕژێت،خانمی دکتۆر نیگەرانی منە داوا دەکات کەقسەم لەگەڵ بکات مێردەکەم دووبارەی لێ دەکاتەوە کەناتوانێت،ئەو خێراترین کاتم دەداتێ بۆ سبەی پاش نیوەڕۆبەتەنیا لەسەر چرپاکەی خانمی دکتۆر ڕائەکشێم،مێردەکەم جار جارە ملە قوتەیەك ئەکات ئەیەوێت لەنێوان من و خانمی دکتۆردا کەسی سێهەم بێت، بەلا م خانمی دکتۆر تکای چوونە دەرەوەی لێ ئەکات وبەنیگایەکی میهر ڕژێنەوە لەمن ئەڕوانێت و نەرمە بزەیەکی شەیتانیانە لەسەر لێوەکانی دائەگیرسێنێت وبەنێو دەیەها چیرۆکی دەرونی دا دەمباو دەمبا،هەرچی پەلەترە دەیەوێ هەموو دەرگاکانی بۆ بکەمەوە وەك ئەوەی لەژورێکی شووشە بەندابم هەمووئەو شتانەببینێ کەکەسێکی تر نەیبینیوە،تکا لەخانمی دکتۆر دەکەم کەمن نهێنیەکم نیە،بەلاّم ئەو ئارامتر لەمن ئەڕوانێ و بەسەبری حەکیمێکەوە تێم ئەگەیەنێت کەچاوەکانم واناڵێن،هیچ قسەیەك ناکەم، ئەمەوێت بڕۆمەدەرەوە تکای لێ ئەکەم کەجارێکی تر ببیینمەوە خانمی دکتۆر مێردەکەم بانگ ئەکات و وەك ئەوەی کەبڵێ:

_ڕووناکی من تاریکایەکانی ئەم ئاوەدان ناکاتەوە !

مێردەکەم هەناسەیەك لەفەزا تاریکەکەی من وەردەگرێت و جگەرەیەك دائەگیر سێنێت و تاڵە تیژوزبرەکانی سمێڵی ئەکرۆژێت,,

دایکم ڕۆژانه بەردەوام تێلەفون دەکات، براکانم خایلەی خراپ دایان ئەگرێت، خوشکە گەورەکەم تکا لەمێردەکەم ئەکات کەهەرچۆنێك بێت دەرەقەتی ئەم تاریکیە بێت کە پەڕیوەتە عومری من، چەندەها جار فاکس و مەیل و تێلەفونم بۆ ئەکات تکای تەنها ڕستەیەکم لێ ئەکات و هیچ ناڵێم مێردەکەم جێگای خۆی لەجێگەکەی من جیا ئەکاتەوەو شەوانە لەباڵکۆنەکەدا ئەخەوێت،هەندێك جار ئاگام لێیە بەدزییەوە سەیرێکم ئەکات وهیچ ناکات،من ئاوێنەیەکی چکۆلە لەستیانەکەمدا دەردەهێنم و شەوانە بەرلەوەی شتێك بەناوی خەووەوە هەڵمگرێت لێی ئەڕوانم تازیاتر لەو بڕوانم قوڵتر خۆم وون ئەکەم بەلاَم من ئەم وونبوونەم پێخۆشە،مێردەکەم هاوار دەکات دەبیە دەعەجان، خەسوم تێلەفونەکە داناخاتەوەو ئەڤیژێنێت:

_هیچ شتێك لەدۆڕاندنی تۆ سەختر نیە.

خانمی دکتۆر دووبارە تێلەفون ئەکاتەوەوبەتەنیا ئەچمە ژوورەکەیەوەو تکای لێ ئەکەم هیچ نەڵێت دەست دەبەم ولەستیانەکەمدا ئاوێنەیەك دەردەهێنم خانمی دکتۆر لێم وەردەگرێ ودائەچڵەکێت، ئاوێنەکە لەدەستی خانمی دکتۆر دەکەوێتە خوارەوەوتوند ئەڤیژێنێت،من دائەنەوەمەوەو ئەمەوێت کەرتەشکاوەکانی ئاوێنەکە پێکەوە بنوسێنمەوە لەبیرم ئەچێتەوە کامیان منم وکامیان ئەوە،خۆم لەنێوگەردی ئاوێنەکانداوون دەکەم هەرچەند دەکەم کەرتەکانم بۆ هەڵ ناگیرێتەوە، ئەوەندەماندووئەبم سارد سارد ئەکەومە سەرگەردی شووشەکان، دەست وپلم خوێناوی ئەبێت سارداییەك ئەمگرێ،لەناو ئەوساردابیەدا هەمووشتەکان وون ئەکەم،دایکم دووئەوەندەی تر پارە بەمامەسۆفی ئەیات،مێردەکەم پاکەتێك شیرینی بۆ خانمی دکتۆر ئەبات و هاوڕێکەم بەبۆنەی ساڵیادی لەدایك بونمەوە لەنامەیەکی دا بەخەتێکی شپرزە ئەنووسێ:

(خۆشحاڵم کەجەنگی ئاوێنەکان لەخەونێك زیاتر هیچی تر نەبووە)!,

2004/12/ 23

فەرەنسا

## (6)

### ئایەتەكانی باوكم

دەمزانی باوكم ئەمرێت من ئەم ڕستەیەم لەتاریكترین ڕۆژەكانی خۆمدا بەدایكم ووت، وەك چۆن لەتەنیاترین ئێوارەكانی باوكم دا دڵنیایی ئەو كارەساتەم لە نێو چاوانە هەمیشە گرژ و هەمیشە هێمنەكەیدا هەڵگرتبوویەوە،

بە چەپۆكێكی پڕ لەكینەوە كێشای بە پشتماو بە دەنگێكی وەڕەس كەرەوە پێی ووتم:

–فاجیرەی دەیابە، هەر ئەمزانی ڕۆژی دابەزینی تۆ لەسەر خانووە بۆر، هەڵخلیسكانی من لە سەهۆڵ بەندانەكەی پشت كەوڕگ، نیشتنەوەی سێ جاری ئەو بایەقوشە ڕەشەی سەر پاسار وەیشومەیەكی گەورەتر لەمە گەورەتر لە سەر خواردنی جوانەمەرگە لەماڵەكەی من دا دەنیشێتەوە....

من چوارهەمین كچی ماڵە باوان بووم بەڵام دەمكردەوە ئەو كچە هەمیشە دەركراو تەرەكراوەی،

که دایکم دەیووت:

(ئەو کچەی خودا بۆ درێژەدان بەنەفرەتی شاهانەی خۆی فڕێیدایە کوخەکەمەوە)

باوکم دەیووت:

(ئەو پێغەمبەرەی کە خودا بۆ پەیامێکی ترو بۆ موعجیزەیەکی گەورەتر بۆ شتێك کەمن نازانم چیە خستویەتیە ماڵەکەی منەوە)

من دەمگووت:

(نا... باوەکە من پێغەمبەر نیم من شتێك نیم جگەلە خوێندنەوەی تەلیسمی نیگاکانی تۆ)

دایکم شاتە شات وەك پیرە سۆزانیەکی قاشقونجی باز دەیگووت:

-بیبڕەرەوە دێڵە شڕە!

باوکم دەگریاو من لەگریانەکەیدا دەنگی ئەو مردووە پتروکاوانەم دەبیست کە پارچە پارچەو سوقان سوقان یەکیان دەگرتەوە، هاواری ئەو پێغەمبەرانە دایئەچڵەکاندم کەهەموویان هاتبوونە سەرچۆك و دەیانڕوانییە دێڕی کاڵ وەبووی کتوبەکانیان و تەماحیان لە کتێبەکەی بەرباخەڵی باوکم دەکرد، ئەو کتێبەی کە هەر هێندەی نێو لەپی منالێك دڵۆپە دڵۆپە بارانی لێ ئەتکاو بۆن سارد و بۆن گەرمی هەردوو دیووەکەی بوون سەراسیمەی ئەکردن، سەراسیمەی ئەو خوایانەی لە خشتە ئەبرد کەلە گریانی ئەو تەریق ئەبوونەوەو ئەیانگووت :

-( تەواو شەوی خوایەتی ئێمە)

وەك گەلە پاڵەوانێکی دۆڕاو ئالاکانیان لەبەرپێی دەچەقاندو باوکم دەگریاو من ئەوکم دەکزاییەوەو دەمووت:

( باوکە ئەو هەمووە دەستە کوا بۆ ئالا؟!!)

دایکم کەچاوی بۆ پاشماوە شاهانیەکانی باوکم مات دابوو، جیڕە جیڕی دیانی چینی ئەو ئاسمانانەی دەهێنایەوە زەلزەلە کەلەیەکەمین ڕۆژی خەلیقەتەوە داڵغە گرتبوونی و ئەیووت:

–(هەرپە نجەیەك و ئالأیەك هەر نیگایەك و ڕەنگێك)

باوکم چاوی ئەبرپییە نمە نمی ئەو بارانەی کەلەسەر ڕۆحی من سەمای ئەکردو کاسەی سەری لەنێو لە پە چرچۆڵ و سیسەکەیدا ڕائەگرت و ئەیگووت:

–(ئەی تۆ چی نگینا ؟ )

–( هەر ئەوەی کەووتم باوەکە هەر ئەوە، ئەوهەمووە دەستە کوا بۆ ئالأ ؟

باوکم ئە پەشۆکاو وەك ئەو کۆترەی لەداڵغەی ئەو ساچمەیە نازانێت کەبۆی پێئەکەنێت، ئەو ئایەتانەی ئەخوێندەوە کە شتێکیان لە توڕوهاتی گومانە کوشندەکانی و توڕوهاتی جەنگە ساردەکانی من و دایکم هەڵگرتبویەوە، کەپووی بە بۆن خوێنی ئەو ئەستێرانەوە دەنا کە لەیەکەمین ڕۆژی خەلیقەتە لە یەکتری عاجزبوون ..

لەیەك کاسا دەیڕوانییە ئەو دڵۆپە خوێنانەی کەلەناجۆرییەکانی یەکتریەوە هاتبوون، گوێی لە بەدرۆ خستنەوەی کتوبە ئاسمانیەکان ئەگرت لە یەکتر ..

باوکم تۆێ تۆێ ئایەتەکانی هەڵدەدایەوەو بەبۆنا نائومێدی فەرمووودەکانی ئەدۆزییەوە و قۆپچەکانی کراسە بۆزەکەی ئەکردەوەو توکە سپیەکانی سەر سنگی لەبەرلەیلانی ئەو گەردەلولانە هەڵ ئەخست کەخۆی دەیگووت (دیوێکی ترە لە ئاڕاستەی دنیا ..) ئەگریاو چاوی بەحەشامەتی ئەو مردووە پتروکاوانەدا دەگێڕا کە چنگە کرێ و پارچە پارچە ئەیانویست بگەنەوە نێو لەپی و کتێبەکە بکەنەوە ..

نیگای ئەو پێغەمبەرانەی دەبینی کە سواڵی دڵۆپێکیان لە شەونمی ئەو ئایەتانە ئەکرد کە لە هەناسەی گەردەلول و دەریاو ئاسمان و ئەستێرەکان و

لەیلانی سنەوبەرەکان کۆی کردبوویەوە، ئالأی ئەو خواوەندانەی کە چوون گەلە گەلە جەنگاوەرانێکی دۆڕاو لەملاو لایەوە کەوتبوون ...

من دەمگووت :

( باوە کە بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ شەریعەتێکی تر بۆ دنیا؟!)

باوکم وەك پەشیمان بووبێتەوە لە پێغەمبەرایەتی دەیڕوانیە چزوی ئەو کنگرانەی کە من دەم ئەکرماندوو ئەیووت:

-(هەرشتەو شەریعەتێکی خۆی هەیە نگینا، چ بێ شەریعەتیکە شەریعەتێك بۆ شەریعەتێکی تر دابنێیت...)

من ئەگریام بەدایکم دەووت :

-(بەلأم باوکم ئەمرێت)

دایکم کە هەمیشە مەلولیەکانی منی دەگەڕاندەوە بۆ پەیوەندیەکی تاییەتی نێو ئەو ژوورەی کە جگە لە پەڕە پەڕی دڕاوی ئایەتەکان و ونبوون لە خۆڵەمێشی ئایەتە سوتاوەکانی باوکم و هیچی تر، نێو چاوانی لێم ئەیا بەیەکداو چنگی تێ ئەکردم خوشکەکانمی فێر دەکرد وردە بەرد بگرنەوە پابووسەکانم و هەریەکە لە یەکەم دووهەم و سێهەم و کچی لێ هاندەدام بانگم بکەن:

(کچە تیاترۆکە، بیژکەی سازنە!!)

من وەك سۆفیەکی جەزبەگرتوو زەرگم لە خۆم ئەداو سینەم لەژێر ئەو دلۆپە بارانانەدا ڕائەگرت کە لە ڕدێنی باوکم وە هەڵدەخلیسکان ..

دەمڕوانیە گۆچانەکەی کەتادەهات زیادەتر بەناخی خۆڵەکەدا ڕۆدەچوو، هەنگاوە چکۆلەکانیم دەژمارد جێ پێکانم بەزمان دەلستەوە پاژنە چکۆلەکانیم هەست پێدەکرد لەسەر دڵم بەو شێوەیەیی کەوام ئەزانی هەمووگەردون و ژیان و دنیا وەك بەردێکی گەورە شانی لەسەر دڵی ئەو داداوە تەماشای لێوە ڕەش

داگەڕاوەکانیم ئەکرد و تەزبیحە سپیەکەی گەردنی ئەو تەزبیحەی کەخۆی دەیگووت:

( هەر دەنکێکی لەنارێکیکەوە ولە شەریعەتێکی تایبەتی خۆیەوە هاتووە!!)

من دەمووت :

( باوەکە شتێك کە با نەمریت .)

باوکم تورەترو ماندووتر کتێبەکەی دەنا یە سینەیەوەو نێو لەپی پڕ دەبوو لە خوێن پێڵوەکانی بەرز دەکردەوەو ڕەنگێکی کاڵ لە چاوەکانیەوە فیچقەی ئەکرد ..

دووبارەم ئە کردەوە

-( باوە کە نابێت تۆ بمریت )

باوکم گوڕی لە گەورەیی و تەنهایی خۆی ئەخواردەوەو بە دەنگێك جەستەی پتروکاوی مردوەکانی دەبردەوە نێو گۆڕەکانیان، تەماحی لە نیگای پێغەمبەرەکان وەردەگرت سەری شەرمەندەی خواکانی بەرزدەکردەوەو دەیووت:

( نا .. نگینا مردنیش شەریعەتی خۆی هەیە، بێ شەریعەتی ئەوەیە دەست بۆ شەریعەتی مردن بەریت )

باوکم ئەبینی سنگە خشێ چوون مەعشوقێکی کەڵەگەت مردنی ڕائەمووسی، وەك مەلۆتکەیەکی چکۆلە چۆناهی دەمی دەنا بە گۆی مەمکی ژیانەوە واش مەمکی مردنی ئەمژی ..

من دەمگووت :

-(باوەکم نامرێت، باوکم هەر پەلێکی لە ئەستێرەکەیدایە هەر ئایەتێکی لە تەبەقەی ئاسمانێکی تردا دەدرەوشێتەوە هەر فرمێسکێکی لە لەپی گەڵایەکدا نوستووە )

بەردەوام دەمووت:

**(باوكم نامريّت )**

**گەردەلولم خەبەر دەكردەوە، دەریام ئەهێنایەوە تكا، بە ئەستێرەكانم دەووت هەریەكەتان شەریعەتێكی خۆتان هەیە بێ حورمەتیە دەست بردن بۆ شەریعەتەكانتان باوە گەورەی من وائەڵێ !...،**

**تا ئەو ڕۆژەی كتێبەكانیم كردەوە، جەستەی كەوتووی ئەو ئایەتانەم بینی بەسەریەكتراو نێو لەپم بە خوڵەمێشی ئەو ووشانە ڕەشبوو بوەیەوە كەلە دەمی باو گەردەلول و و زریان و دەریاكانەوە وەری گرتبوو ..**

**ئەو ئێوارەیە وەك قەرەچێكی قەموور فەقیانەكەی دایكم ڕائەكێشاو ئەمووت:**

**-( باوكم مرد...دد)**

**دایكم دانی بۆ كۆترو مریشكە ڕەشەكان ڕۆ ئەكردوو وەك بایەك بە دەوارێك پێنەكەنیبێت یاڵە سپیەكانی بەملاو لای گەردنی دن شۆڕ كردبوویەوە و سنگە چرچ و مەمكە شل وەبوەكانی وەك لە چاوەڕوانی دەستانێكی تردا جیا لە دەستە زبرەكانی باوكم دابویە بەر شنەشنی سنەوبەرەكان و شەهوەتی ژنانەی خۆی ئەیووت:**

**-(چشششششششششششش )**

**2004**

**فەڕەنسا**

(7)

**حیکایەتە خەیاڵیەکانی ژنێکی تەنیا**

**سەرەتا گومانم لەوە هەبوو کە بتوانم ئەم حیکایەتە بنوسمەوە، من دەمگووت کە هەرگیز ئەم حیکایەتە نانووسمەوە هەستم دەکرد زۆرینەی سات نووسین کرۆکی حەحقیقەتەکان دەپوکێنێتەوە، بە تاییەت حەقیقەتەکانی خەونێك کە دڵنیا نابم کە دڵنیا نابم کوت و مت چوون خۆی ڕایەڵە ڕایەڵەی بگرم و بینوسمەوە ..**

**بە هەر حاڵ پازدە ساڵ دەمەوێ ئەم حیکایەتە بنوسمەوە، ماخۆلانمە لە سەوزایی ئەم خەیاڵە ئاوییانەی خۆمدا ڕووت ڕووتێ ڕابکشێم بە دەر لە هەر هەڵچونێکی چرکە ساتیانە حەقیقەتی خەونەکان بگێڕمەوە، حەقیقەتی خەونەکان، ئەرێ حەقیقەت ..**

**حەقیقەتی کچێك لەودیوو تاریکیەکانەوە خوازیارە پشوویەك بات ..**

**کچێك بەلیقای شەوەکان شاگەشکەیە، کچێك لەبەر جریوەی ئەستێرەکاندا سەمای پەتیانە بە ڕۆحی خۆی دەکات، کچێ جودا لەخانمەکانی دیکە خەون دەبینێ ..**

**لێتان ناشارمە لە ساتی نووسینەوەی ئەم چیرۆکەش دا هەر سەراسیمەم لە درێژی نەفە سەکانی، گەڕانەوە هەمیشەییەکانی، هەرچەندە ئاسودەیی من بەردەوامی لە سەفەرەکانی ئەوەوە وەردەگرێت..**

**پازدە ساڵی تەمەنمە تەنها شەوێك هەستم بە چۆڵی پەنجەکانی نەکردووە تەنها شەوێك هەستم بە چۆڵی پەنجەکانی نەکردووە، تەنها شەوێك نیگام خاڵی نەبۆتەوە لە نیگا کردنەکانی من درەنگ هەستم کرد دڵۆپەی حەیاتم لەنێو لەپی ڕستەکانی ئەو دا وەستاوە**

**من بەر لەنووسینەوەی ئەم حیکایەتە نێو قەدی یەك یەك کتێبەکانم هەڵدەدایەوەو کوچە بە کوچەی ئاپۆڕەکان دەگەڕام، لە هەناوی کامێراکاندا پاڵم دەدایەوە سنگی خیابان و سیلەی کوڵانەکانم تەی دەکرد، بەورد بینەکانی زاکیرەمەوە کۆگاو سنوورە دوورەکان و تەختی قەراڵەکانم دەپشکنی .. من بەردەوام بە دووی ئەودا ئەگەڕام ببورە بەدووی شیدا دەگەڕێم ..**

**پازدە ساڵە ئەمەوێ ئەوی ڕاستەقینە بدۆزمەوەو لە فەنتازیاکانم بیهێنمەدەرێ، هەرچەندە گرنتی ئەم گەڕانە بەمەرگی خۆم دەکەم ..**

**ئەو هەر شەوە بەچەشنە لیباسێکەوە دەهات، شەوێك عەگاڵێکی ڕەش دزداشەیەکی سپی، شەوێ دی کۆت و شەرواڵێکی فستەقی، شەوێ دی مراد خانیەکی خاکی، شەوێکی کەش کابۆیەکی شینکی و پاڵتۆیەکی ڕەشی تاریك بەمل پێچێکی ڕەنگاو ڕەنگەوە ...**

**چوون ئەم ساتە هەموو شتەکانم لەیادە، یەکەمین شەو تاکی ڕاستی پەنجەرە دانەخراوەکەمی بە لەپی دەستەکانی کشاندە دواوە، بە قامکی شەهادەتی پەردە شەکرییەکەی لادا و بەونیگا حۆل و ئەفسون ئامێزانەوە بانگی کردم، بانگ کردنێك کەیادم بێت تائەم چرکەیە چ کەسێك بەو چەشنە نێوی نەبردووم..**

هەستم دەکرد ئەو پیتانەی نێوی منی پێك دەهێنا هەریەکەیان دڵۆپێ هەنگووینەو لەسینەی چاڵ چاڵی شانەکەیەوە ئەڕژێ .. بێ خشپە دەرگای ژوورەکەم ترازاندو بەدیوارەکەدا بازم دایە دەرێ چاوەکانم دەکردەوەو هەستم دەکرد ئەو بۆخۆی شەبەنگی نوورەو سەر لەبەری کەونی ڕووناك کردۆتەوە ..

من بەردەوام بەدوویدا ڕام دەکرد دەستەکانم نەیدەگەیشتێ بەردەوام ڕام دەکردو نەمدەتوانی بیگرم، یەکەمین شەو پاش شەکەتبونێکی بێ ئەندازەی ڕۆح و جەستە لە فەزاییەکی لێو ڕێژ لەتەما دۆزیمەوە،دووهەمین لەمابەینی عەرد و ئاسمانێ دا، ئەو کە بە حەواوە بوو پەلێکی لە ئاسمان و پەلەکەی دیکەی لە زەمین .. سێهەمین سات لە کەژاوەی پەڵە هەورێکی مەیلەو خۆڵەمێشی دا بینیمەوە، چوارهەمین دەم لە بانیژەی ئەستێرەیەکی تەنیادا، کە تا نووسینەوەی ئەم حیکایەتە تا ئەم چرکەیەی کە دەمەوێ بە دەستنووسەکانی خەونێکی گەورەدا بڕۆمەوە نازانم چ نێوێکی هەبوو ..

ئەو هەمیشە هەستی دەکرد من وەك تارماییەك بە دواییەوەم، بەهەمان چەشن منیش بۆ خۆم هەستم دەکرد سێبەری ئەو هەمیشە لە بوونم دەڕژێ ..

بە هەر چەشنێ بووە توانیم بگەمەوە لای ئەو، لە سەر نەرمایی سەوزە گیاکان دانیشتبوو، چڵە چڵە نێرگز لە چاڵای پەنجەکانیدا ڕوابوو، هەردوو چاوە حۆلەکانی هەلاڵەی سووریان گرتبوو ..

ئەنگوستەکانمی گرت و هەستاییەوە سەر پێ، قیافەی شۆڕەبی ئاسای نم نم نیانی لێدەتکا، قژە خاوەکەی نەرم نەرمێ سۆزی کەوکەبەکانی تر لەیلانی پێدەکرد، یەکەمین قۆپچەی کراسە ڕەشەکەی کردبوویەوە، تووکە نەرمەکانی سەر سنگی بە ووردە باکە بزە دەیگرتن ..

پەنجە کاغەزییەکانی بە گۆنا گەرد گرتووە کەمدا هێنا، چاوەکانی بەماتیەکەوە لەسەر پاکی بەژنم ڕاگرت ..

تاڵه تاڵەی سمێڵی کە هەر دەتگووت نەرمە گیای قەد پاڵێکە تا سەر لێوەکانی هاتبوون، ڕدێنە قەنوزییە تەنکەکەی چوون بەشانەی حورییان دا هاتبێ دەبریسکاییەوە ..

بەئەستەم لێوەکانی بزواندو ددانە سە دەفیە پاکژەکانی بە دەرکەوت، پێڵوی چاوەکانی بە چاوەکانم دا گێڕاو لەگەڵ لەرەیەکی هێدی سەریا پێیووتم :

–{ واادم بەرێ کە ئیدی نەگەڕێیتەوە ئەوێ .. ئیدی نەگەڕێیتەوە کەونی گەڕەلاوژەکان .. وادم بەرێ ئیدی من بە تەنیا ئا.. من.. بەتەنیا پیاوی ناو خەونەکانت بم، وادم بەرێ لەو پەڕی شڵەژانەکانتەوە، لەو دیوو فە تارەت و نائومێدیەکانتەوە، دوور لە مەیدانی زۆرانبازییەکان، ماڵێك لە دڵۆپەی ئەم چڵە نێرگزانە و بە تەنیشت ئەم پەلکە گیایانەوە، ئەم هەسارە تەرەبووە دواهەمین ژوانگەمان بێ وادم بەرێ .. واد .... واد ... واد}

من گشت شەوانێ بە مێهرەبانی خانمێکی پەڕاوێز کراوەوە قامکی چاوەکانم دەگووشیەوە لە ڕۆحی پەتیانە ڕائەکشام بە هەمان نیانی ئەوەوە دەمگووتەوە :

–{ بەڵێن بێت}

من، ئەو.. ئاه پیاوی تەنهای ناو حیکایەتەکانی من، پیاوی ناو ئەفسوون و فەنتازییایەکانم لەسەر تەختی لە شەوبۆ دروست کراو دایدەنام گوڵە پاتۆنیای دەوەراندە ئەگریجەکانمەوە ئەستێرەی دەکرد بەنینۆکەکانمەوە، بە یەخەبەندی زیوین درزی کراسە ئاوریشمیەکەمی پێکەوە دەنووساند .. ئەو گەڕیدەی هەریەك لەوەرزەکان و تاجیری هەسارەکان بوو . ئاوزنگی لە ڕەخشەکەی دەداو لەگەڵ هەر گەڕانەویەکی دا بەندێ کاغەزی پەمەیی و بەستەیە خامەی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ دەهێنام ..

ئەو لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکی دا سەری کاسمی لە سنگی خۆیدا وون دەکرد و پەنجە شمشاڵیەکانی لە کەزییە خورماییەکەمدا دەناو بەسەری پەنجان ختووکەی بن سەرمی ئەیاو بەدەم پێکردنی جگەرەکەی دەستیەوە پێمی دەگووت :

-{بینووسە دەبیەمە شاری نێرگزەکان، بنووسە بە کوڵانی ناز نازەکاندا دەبیەخشمەوە، دەیدەم بە پەپولەکان، بنووسە چاوەکانت بکەرەوەو نەزەر کە، نەزەر لە قوڵی دەریا، نەزەر لە بوونی ئینسان، نەزەر لە سارد بوونەوەی عەشق لەوەرزە تاکەوتاکەکاندا، لە هەموو شتێ،ئاە.. لە هەموو شتێ ........

ئەو لەگەڵ هەر هاتنەوەیەکی دا چەشنە قسانێکی بۆ من دەکرد، جۆرێکی دیکە کەونی بۆ ڕاڤە ئەکردمەوە. ئەو تاجیری هەسارەکان و گەڕیدەی وەرزەکان بوو.. ئەو پیاوی ناو خەونەکان حیکایەتە ئاڵتوونیەکانی من بوو، خەونەکانی من، منی تەریك کراوو فەرامۆش کراو، خەونەکانی من، زیندەگی هەلا هەلا و شپرزەی کچێکی قەیرە .. ئەرێ قەیرە !! قەیرەیەك کە هەر لەیەکەمین دیداری ئەودا، ببورە دیداری من دا بۆ ئەو هەستی نووسینم تێدا خەملا، هەستی نووسین و خەون بینین .......

پازدە ساڵە .. پێم وایە تەمەنێکە من هەمان خەون دەبینمەوە، وەلێ هەر شەوە بە چەشنێ قودرەتی بەردەوام بوونەوەم دەداتێ ..

ئەمشەو لە کۆتاهەمین شەوی نووسینەوە ی ئەم حیکایەتەدام، حیکایەتی پازدە ساڵ !!! هەرچەند گرنتی ئەوە ناکەم بۆ یەکەمین شەوی ساڵێکی نوێ، سبەی کە هەستامەوە بەر لە تەکاندنی دڵۆپە ئاورنگەکانی گەردنم بتوانم هەمان خەون بەو شپرزەییە بگێڕمەوە ............

**2003 / 1/ 10**

**سلێمانی**

(8)

## دواهەمین دۆسیەی سۆزانیەك

لیندا توونىتر و توندترو دەیگوشیم بە خۆیەوە و بەشێوەیەك دەگریا كە من نەمدەتوانی ئەو تاڵە مەودایە جیابكەمەوە كە جەستەی منی سۆزانی و ئەوی فریشتەی پێكەوە نووساندبوو، هەناسەكانی تا دەهات كورتترو پچڕ پچڕ تر، لە ژێر لەرەی مەمكە شل وەبوو داچەكیوەكانمدا تەكانی دەدا ..

كەللەی سەریم لە نێو مەملەكەتی دەستەكانم دا ڕاگرت و نام بەسینەی خۆمەوە و پێم ووت:

–بەڵێن بێت ئەگەر بەتەنها بۆ تۆش بێت من دەگەڕێمەوە ئێرە !!

لیندا لە ژێرەوە بە هەستێكی تەزیوو و دڵێكی گوشراو،بەڵام بە نیگایەك جیاواز لەو ئێوارە پایزییەی نۆ مانگ لەمەوپێش دەیڕوانییە من، وەك خانە گومانی وەها بەڵێنێك لە سۆزانی هەم بكوژێكەوە تێی دەڕوانیم .. هەمان ئێوارەی ساردترین پایزی نۆ مانگ لە مەوپێش، جگەرەیەكم بۆ داگیرساند و فەرمووم لێكرد، بەلەرەی سەری ئاماژەی بۆ كردمەوە كە جگەرە ناكێشێ بەڵام هەر بەو نیگا

ساردوو بەو ئیرقە بێ سنوورەوە لە منی ئەڕوانی و لێوەکانی خۆی ئەگەست.. تکام لێکردەوە کە بۆ بەو چەشنە تێم دەڕوانێت، پێم ووتەوە چی شتێك لە چاوەکانی مندا دیارە ئایا شتێك هەیە شیاوی ئەو هەموو تێ ڕوانینە بێ کۆتاییانەی تۆ بێت، ئەو ساردترو کینە بارتر وەك ئەوەی تف لەو ڕێکەوتە بکات کە فڕێی داوەتە ژوورەکەی منەوە ئەیووت:

–کەواتە من ئێستا لە ژووری هەم سۆزانیەك و هەم بکوژێکدام ...........

جگەرەیەکی ترم بۆ داگیرساندو تکام لێکردەوە کە بیکێشێ.

وەك ئەوەی هەستی کردبێت خوا تووڕەترین ئاگری خۆی لە بەختیا هەڵکردووە، هەردوو چاوە حۆڵلەکانی سەرەو ژێر دەکردەوەو بە دەنگێك دە هێندەی پڕتر لە گەروی خۆی هاواری کردەوە :

–نااااااایکێشمممم،

پێم ووتەوە :

–ئارام بە لیندا، ئاخر من کەهیچیان نیم، جگە لە داشێکی وونبوی نێوان دوو قەدەری تاریك کە هەرگیز ڤە دەری ڕاستەقینەی من نەبوون و نین ..!!

–نا.. تۆ لە دوای حەڤدەهەمین سەر جێیی و حەڤدەهەمین بکوژییەوە هاتویتتە ئێرە، مەگەر لە دۆسیەکەتانا وا نەنوسراوە؟

–ئەمە ئەو دۆسییەیە کەمن خۆم لە تاریکترین بەیانیەکانی خۆمدا بە دەست و پلی مەرەکەباوییەوە لەگەڵ سەرجەمی وێنەی ئەو پیاوانەی کە پاش نووستنم لەگەڵ هەریەکەیاندا بە هەر شێوەیەك بووبێت لە شێوەکان کووشتبوومن و هێنابوومنە دادگا ..

جەنابی دادوەر ئەو پیاوەی کە هەموو ڕۆژەکانی تەمەنی لەو دیوو چاویلکەیەکی تەڵخ و لە سەر کورسیەکی ساردتر لە ڕۆحی من و لە حەقیقەتی خۆی کوشتبوو وەك ئەوەی لە ڕاو کردنی مەرگی خۆی گەڕابێتەوە ئەیووت:

-{ ئاااخر نە ئەم چاوانەو هەروەها نە ئەم پەنجانەش، حەقیقەتی کە سێکم بۆ ناگێڕنەوە کە هەم بکوژێك و سۆزانیەك بێت .}

پێم ووتەوە :

{جەنابی دادوەر لە هەڵە دان، من تەنانەت تەواوی وێنەکان و کاسێتی ئەو شەوانەشم لەگەڵ خۆمدا هێناوە، تەنانەت دوا نیگاو دوا قسەی ئەو پیاوانەشم نووسیوەتەوە کە ئێستا وێنەکانی لەبەر دەستی ئێوەدان،}

-{بەلام لە دۆسیەی مردنی هەریەك لەو وێنانەدا هیچ سەرچاوەیەك نامان گەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ کەسێکدا نووستبێتن {یەکێکیان وتاریێژی گەورەترین مزگەوتی شار، ئەوی تریان سەرکاری ئاسایشی گشتی، ئەمیان پاقلە فرۆشێکی لە هەزار لاوە کون تێ بوو،ئەویان نووسەرێکی قۆنتەراتی، ئەمەیان زەڕنگەرێکی پیر،دانەیەکی تر ئەو تاجیرە ماندووەی کە دەیویست ژیان وەك بازنگێکی زێڕین لە زەندەکانی بکات، ئاە.. ئەمەیان ئەو بێوە پیاوە قژ ماش و برنجیەی کەلە چلەی ماتەمینی ژنەکەیا سۆزی دابوو نەهیچ باوەشێکی تر ببینێت نە هیچ باوەشێکی تر بناسێت ...}

-{ جەنابی دادوەر دڵنیابە من بکوژی هەریەکە لەو پیاوانەم کە لە دۆسیەکانی ئێوەو هەم منیش دا هاتوون، ئەوپیاوانەی هەریەکەیان لە ڕێکەوتێکی جیاو لە تاریکترین شوێنی خۆیانەوە ڕاوم کردبووە سەرسیسمە یەك کەسیەکەم پاش هەر جۆرە سەر جێیەك کووشتبوومن ..}

{ ئاخر چاوەکانی تۆ کە ژیان لە دیووێکی ترا هەڵگێڕنەوە، نااااا ئەم پەنجانە کە بەهەزاران ژێی تەنکەوە دەبزوێن }

جەنابی دادوەر ئەو هەموو ڕستەیەی بە شۆکێکی ترسێنەرەوە هەڵدەگرتەوەو دەیڕوانیە وێنەکان کە دڵنیابووم ئەگەر ترسی دوا ئێوارەی خۆی دای نەگرتبایە

دەبووە هەژدەهەمین کەسی نێو دۆسیەکەی من، هەندێجار سەرێکی بەر زدەکردەوە دەیڕوانیەوە پەنجەکانم، پێم ووتەوە :

-{جەنابی دادوەر مەرج نیە هەموو کوشتنێك دەست بیکات، ئاە پەنجەکانی من کە هەمیشە هێلانەی سووتوی جگەرەو چاڵ چاڵی ئەو مرەکەبانە بوون کە هەمیشە لە سەر دوانوکتەو دیڕی ئەو دۆسیانە بوون کە ئێستا لە بەر دەستی ئێوەدان و جێگای متمانەتان نیە، ئەکرێت من بکوژی ڕاستەقینەی هیچ یەك لەو پیاوانەش نەبم کە لە دۆسیەکەی ئێوە دا هاتووە، بەڵام بەهەر شێوەیەك بووبێت ئەوان دوای کات ژمێرێك دوور بوون لە سیسەمەکەی منەوە مردوون، من ئەمەم لە دوا دیڕی دۆسیەکە دا بۆ ئێوە نووسیوە گەر دەتانەوێ سنووری مامەڵەی خۆتان بە تاوانەکانی منەوە گرێدەنەوە دەتوانن بیخوێننەوە، هەمان ئەو دیڕەی کەمنی گەیاندبووە ئەو دڵنیاییەی کە دووری هەریەکە لەوان لەسیسەمەکەی منەوە دووریان بووە لە خۆیانی ڕاستەقینە ! جەنابی دادوەر مرۆڤ چیە، هەر هەنگاوێك لە خۆی نزیك بوویەوە ئیتر بەرگەی دووری ناگرێت .. وەك چۆن هەمان ئەو نزیکییەی من لە خۆم هێناومیەتە بەردەم دادگا ..}

ليندا کەمێك ئارامتر تەماشای کردمەوە، جگەرەیەکی لە پاکەتەکەم دەرهێنا بە دەنگێك تێکەڵ لە دووکەڵ و خیزەی سنگ پێی ووتم :

-{ئەی من چییی}؟!

توندتر گوشیم بە خۆمەوەو پێم ووتەوە :

-{لە دۆسیەکەی ئێوەدا شتێکی ئەو تۆ نیە، دایکت ئەتوانێت لە هۆڵی دادگادا دواهەمین قسەی خۆی بکات،}

-{بەڵام دایکم باوکە جاسمی لە من و لە باوکم خۆشتر ئەوێت، من چەندەها جار ئەوم ئاگادار کردبوویەوە کە باوکە جاسم شەوانە دێتە ژوورەکەی منەوە قسەگەلێکی سەیر دەکات، ئەو هەمیشە بێدەنگترو کزتر دەیڕوانیە من، تا

دواهەمین شەوی ئەوبەیانیەی کە هەموو ئەو شتانە ڕویاندا کە دەبوایە هەر لەئێوارەی مردنی باوکمەوە ڕویان بدایە ئەوکاتانەی کە جاسم لە دوا نەفەسەکانی خۆیدا پێی ووتم :

{تۆ هەر دەبوا بتزانیاییە ئەو تاڵە قژە ئاڵتونییەی کە لە گەردو گوڵی بەیانی ئەو ئێوارەیەی کە ئالأبووە ڕدێنی من،دەلیلی ئەوەبوو کە دایکت لە هەمان ئەو ماڵە داو لەهەمان ئەو شەو دا لەگەڵ کەسێکدا خەوتبوو کە باوکتیان تیا کوشت}

دەرگاوانەکە ئەڵقە ڕێزی دەرگاکەی ترزاند و داوای لێکردمەوە کە زووبم، لیندا جارێکی تر بە دوو نیگا ی ئەبڵەق بووەوە لە چرچەکانی دەموچاوم و لەو سەرشانە زوڵفەی ڕوانیەوە کە هەر تاڵێکی پەرێشانی مەملەکەتێك بوون، دووبارەی کردەوە :

-ئەی من چی ؟!!

پێم ووتەوە :

{ ئەوەندە نابات دەگەڕێمەوە ئێرە !!!!!!!!!!!!!!! .......}

**2005 /6 /9**

فەرەنسا

(9)

## نەنە توبا

بە داخەوە من دواهەمین فرزەندی وەرەسەییێك بووم لە دوای مردنی ئەوەوە ئەم حیكایەتەم نوسیەوە .. نا .. بڕوا ناكەم هیچ یەك لەوان بۆ تەنها ڕۆژێكیش بووبێت لە داڵغەی ئەوەدا بووبێتن لە سەر مردنەكەی ئەو قسە بكەن ..

ئەزانم كەسیان خۆش نابن لە نووسینەوەی ئەم حیكایەتە و بگرە سڵیش لە داڵغەیەك ئەكەنەوە كە چەندەها جار لەسەر لێوەكانی خەیاڵم هەڵبوون و كوژاندومنەتەوە .. بەڵام ئەمڕۆ كە ئەم قوتبی باكورەم گرتووەلەم سەهۆڵ بەندانی ڕۆح و جەستەیەدا ئەمەوێت بنوسم و خۆم پاكبكەمەوە لە گوناهێك چواردە ساڵە وەك چڵێس ترین ئەژدیها لە سەر شانەكانم دانیشتووە ..

بەڵام چی ...مەزەندە ئەكەم لەیەكەمین دێڕەوە ڕژدێك ئەمكرۆژێت دەمخاتەوە سەر ئێسك و پروسك پەیتا پەیتا ئەمكڕێنێتەوە بۆنی تاریكی و ساردابییەك گەمارۆم ئەیات، ئەمەوێت وەك سەدەها جاری تر پەڕەگرافەكان بدڕێنم و لەتەنەكەی خۆڵەكەدا ستاری پێبگرم، وەك ئەوەی نە ژیانێك ژیابێتم و نە

دالْغەیەکم لێ دابێت، بەڵام نا ئەم ڕاڕاییە تا دێت زیاتر تەنگم پێ هەڵدەچنێت .. چوارده ساڵە من تەنها شەوێکی ئارامم لەو هەموو شەوە زەوەندانەی خۆمدا نەدیوە، لەتەواوی چرکە ساتەکانمدا هەرگیز دەست بەرداری مردنەکەی ئەو نەبووم ..

چوارده ساڵە نەنە توبای من ئەو ژنەی کە هەر لە مناڵیەوە وەك پورە هاجەر ئەیگێڕایەوە تیشکێك بە نێو چاوانیەوە درەوشاوەتەوە جەفایی شاعیر کە دەکاتەوە باوکی نەنەتوبای من لە دێڕە شعرێکدا باسی لە شەرمەزاری فریشتەکان کردووە لە پاکیەتی ئەو ..

بەڵام من هەمیشە ئەمووت گومانەکەم نەنەتوبام لۆ تەنها ڕۆژێکیش بێت فریشتەکانی شەرمەزار کردبێت ئەگینا چی ڕێی ئەخستە ئەو کوخە تەریك و تەنها و بۆگەنەی باوە گەورەم کە دایکم وەختێك ڕووی لە گەوڕەکە ئەناو پشتی ئەکردەوە باوکم ئەیگووت،

{ ئەو زنجەی کە نەك خوداو ئینسان و فریشتەکان تەوەلابوون لێی، بەڵکو توتکە سەگ و بێچوە مشك و شەو گەردەکانیش نەیاندەتوانی بۆ تەنها شەوێك توتکەی تیابکەن ..

من هەمیشە خانە گومان بووم لەو قسەیەی دایکم کە دەیگووت :

{ نەنە توبای تۆ عاشقی باوە گەورەت بووە بەرە بەیان لەسەر پاشکۆی ئەسپێکی یاڵ ڕەشی ناڕەسەندا هاتۆتە ئێرە، ئەرێ ئەم کاول بووە، جەفایی شاعیر لە حەژمەت و شەرمەندەیی ئەم حەیشەرییە شعری ووتوە }

بەڵام نا .. من ئەمڕۆ بۆ نوسینەوەی ئەم چیرۆکە پێویستم بە گلەیی و بناشتە بێ سەرەو بەرەکانی و گومانە قوڵەکانی دایکم نیە لە نەنە توبام، من ئەبێت لە دوا نامەکەی ئەحمەدی خوێنەوارەوە بۆ بووکی شای پەرییان دەست پێ بکەم، لە جامەکەی شا کاوسەوە بۆ بەختی بێژەن، لە سنگ دانە بەر تریفەی مانگە شەو و

دەردە دڵ کردنی مەنیجەوە بۆ ئەستێرەکان پە نجە بخەمەوە سەر ئەو تاریکیەی کە لە قولاییەکانی نەنەتوبام دا شەپۆلی ئەیا..ئەو ژنەی هەریەکە لە من و کوڕەکانی مامە فلامەرزو کچە ڕشکنەکانی پورە هاجەرو خوشك و برا چکۆلەکانمان دەمان خلافاند چنگمان بە تەنەکە پسکیتەکەیا ئەکردو ئەمانخوارد، چاویلکەکەیم دەشاردەوە و پرمان بە کاکڵە گوێزەکانیا ئەکرد ..

من ئەمەم چەندەها جار بە دایکم گوتبوو ئەو کاتانەی ڕۆژ تا ڕۆژ لاوازترو سیسەڵە ترو ڕەنگ زەردتر دەردەکەوتم .. بە خەسووشم ووت بەلام مردنەکەی نەنەتوبام دەمکوژێت ..

دایکم دەیووت دە پتروکێیت ڕیزاڵە ڕیزاڵە ئەبێ تەنها سوقانەکەت دەمێنێتەوە،دەبێ بەم دەساو دەسا بتهێننە دەرێ لە تاو ئەو گەنە کرمانەی کەتێت ئەدەن ...

پورە هاجەر بە مێردەکەمی دەووت :

{چاوێك لە سەر گیرفانەکانت دانێ هیچ دەروونناسێك ناتوانێت کلۆکۆی ئەو ڕاڕاییەی نێو ناخی ئەو دامرکێنێتەوە، مێردەکەم سەرمی ئەنا بەسینەی خۆییەوە لە ژێر دار هەنارەکاندا بەدەم چەندەها حەسرەتی قوڵەوە مژی لە جگەرەکەی ئەیاو ئەیووت :

{ماریا ... ئاخر ماریا بیرت نەچێت ژیان چرکەیەکە بۆ کەسێك لە گومان دڵنیایی دروست کات..}

من سەرم لە نێو هەردوو لەپی دەستی دا دەشاردەوەو دەمگووت :

{نا... مردنی نەنە توبام کە هەرگیز گومان نیە.. ئاخر خۆ ئەمە کرۆکی دڵنیاییە }

ئەویش وەك نیگەرانی ئەو هەموو ساردیی و تاریکی و تەنهاییەی من بووبێت هاواری ئەکرد :

{ لە نێو ئاپورەی فرزەندانا مەگەر بە تەنێ تۆ بۆ، منیش نیگام ئەبڕییە عەردەکەو وەك لە بەر چاوەکانمدا بێت بەو کەواو سەڵتە یەك لەسەر یەك و فەقیانەو پارلێمەچرچ و هەڵچووەوە،بەو هەمووە دەرزیلە بچوك وگەورەو گەورەترەوە، بەو هەموو نوشتەو لاگیرەو تۆپە شقارتەوە، بە لولەی ئەو کلاّنانەی کە دەیگووت لەکاتێکا بووکی شای پەرییان داوا لە ئەحمەدی خوێنەوار ئەکات ئەگەر بەڕاست عاشقی ئەوە بە دڵۆپە دڵۆپەی خوێنی خۆی نامەی بۆ بنووسێت، ئەحمەدی خوێنەوار دوای تەواو بوونی نامەکەی لەتر ئەیاو لە سەر ڕەخشەکەی ئەکەوێتە خوار، نەنەتوبام ئەیووت دانە دانە لە کراسەکەیم کردۆتەوە چەندەها جار لەترسی باوە گەورەتان لە بن دار مێوەکاندا چاڵم بۆ هەڵکەندووەو دەرم هێناوەتەوە ..

بەو پێڵاوە لاسیکە ڕەشەی کەبەدەزووی سپی لەهەرچوار لاوە دوورابونەوە ئەم دەسەو دەسی پێ ئەکەن لەبەر چاوانمە بە ژۆور سەرییەوە وەستاون و ئەو چاوە گێڕێ ئەزانم هاوارێکی حەزین حەزینتر لە چواردە ساڵی تەمەنی من لەگەرویدا هەڵواسراوە، ئەزانم چەندەها ڕستەی نەوتراو لە گلێنەکانی دا پیاسە ئەکات هەردوو ڕومەتی چرچۆڵ و وشکەوەبووی نەرمە ئارەقێك دەر دەکات زمانی قورس قورس، پەنجەکانی جار جارە جووت ئەبن و جار جار ە لە یەکتر هەڵدێن ئەزانم کەڵکەڵەی چ قسەیەك لەزاری دایە بەڵام ئەبوو وەلید ڕێگە نایاو ئەنەڕێنێ :

{ئەگەر ترس و هاواری تانك و تۆپەکانی ئەو بەرازە پیرە نەبێت چی من لە جوانترین بەهەشتەکەی کفری هەڵدەگرێت و بۆ ژوورەکەی تۆ کولانەی قرخ و میزهەڵدانەکان .. نەنەتوبام کەسکونتر ئەیەوێت قسەیەك بکات هاوارێك، زمانی بە ئەستەم ئەگەڕێ و چاو ئەگێڕێ و وەك ئەوەی بیەوێ یەکێك دنەی بات و دواوەسیەتی لێ وەربگرێ،ئەبوو وەلید ئەکێشێ بە دەمیاو ئەڵێ بەسە ....

نەنەتوبام کزۆڵە تر ئەڕوانێ... نا... نە مامە فلاَمەرز... نە پورە هاجەر... نە باوکم... مە شەجەری وەرەسەتێك.. نە ئاپۆڕەی ئەو منالَە گرۆزانەی لە دەوری دا ئەنیشتن و ئەحمەدی خوێنەواری بۆ ئەگێڕانەوە...

نەنە توبام چاو لەسەر یەك بەیەکی ئەو ڕێبوارانە ڕا ئەگرێ کە لە پارلێمی کراسەکەی هەڵدەکەون و دەڵێن {واای } نیگای بۆ هەریەك لەو ڕێبوارانە هەڵەیا کە بەپرتاو لێکدا لێکدا ئەڕۆن .. ئەڕوانێتە ئەو پیرە ژنە پشت کۆمەی کە هەردوو قاچەکانی بەسەر شان و ملی کوڕێکی سەرو سی و پێنج ساڵی دا شۆڕ کردۆتەوە ئایەتول کورسی ئەخوێنێ....

(بەڵخە) جمەی دێ وەك شارە مێرولەیەکی وروژاو جێ پێیەکت بۆ نادۆزرێتەوە ...

ئەبو وەلیدو وبراکانی نەنە توبام بەرز دەکەنەوە لە جەستەی بۆگەن کردووی ئەنەون نەنە توبام ئەیەوێت هاوار بکات کوێوە چووە فرزەندەکانی من ؟

مەحمودی برا بچکۆلەی ئەبو وەلید تفێك ڕۆ ئەکات و لەبەر خۆوە ئەڵێ :

گەماڵە کانی تۆ...

نەنەتوبام ئەیەوێت بلێت:

{ بۆچی بەجێیان هێشتووم ؟ مەگەر هاجەر ئەتوانێت ئاسەواری تەفرو تونابوونی من ببینێ، بانگ ئەکات فلاَمەرز ... بیری ئەچێتەوە هەفتویەك بەر لە ئەمرۆ ماشێنەکەی ڕاگرت و لەسەر ئەمری خانمە لرپنەکەی ژنی گەڕاندیەوە ماڵەوە .. ئەیەوێت هاوار لە باوکم بکات،

واای لە باوکم بە خۆیی و دوو مانگای فرێزییەوە لەبەر شەقی ئەو پازدارانە هەڵ ئەسێتەوەو هاواری ئەو خەڵکە دای ناچلەکێنێت :

-مەردوم خۆی ڕێ ناکات چ جای گیانلەبەر.

**نەنە توبام چین چین ئارەق دەر ئەکاو هەردوو چاوەکانی لێك ئەنێ لولەی کلانەکانیش لە گیرفانی سەلتەکەیدا هەڵ ئاو ساوە تا دێت زیاترو زیاتر ئارەق ئەکاتەوە ئەوەی بەبیری دا نایەت منم .. من دواهەمین فرزەندی وەرەسەتەکەی ئەو کەسێك کە مردنی ئەوی وەك کوشندە ترین تەوق لە گەردنی کردووەو ئەیگێڕێ ...**

**وا دای ئەیەڵنە قەبرەکەوە بێ کفن و دفن و بێ تەڵقین گاشەبەردێکی قورس تر لەو گاشە بەردەی کە ئێستا لەسەر دڵی منە لە بەر لوتی دەنێن خۆڵەکە ئەکەنەوە بەسەریاو بەلام نایکوتنەوە ..**

**پەیکانەکە ئەخەنەوە ئیش و ئەڕۆن و بە پێچەوانەی هەموو مردوانێکەوە نەنە توبای من هاوار ناکات .. نا .. لە هیچ کەس نە لەمن نە لە باوکم نە لە پورە هاجەر نە لە مامە فلامەرز نە مامەسۆفی دراوسێ، نە دەروێش ڕەسوڵ نە گوڵە سوری تاقانە نە حەیدەر ی چکۆلەو نەمامەشێرۆ ...**

**باوکم خۆی بەسەر گوچانە کوێتیکەیدا لار کردۆتەوەو پاژنەی پێی ڕاستی لەسەر خڕە بەردێکی کەنار ئاوەکە دائەنێ، دایکم کە هەستم ئەکرد بە پێچەوانەی ئەو هەمووە جەنگانەی نەنە توبام پێی ئەگێڕا لە دڵەوە عاجزە دەست ئەبات گلاسێ ئاو لەتەرمۆزەکە دائەکات ئەڵێ**

**–وەیش..........**

**حەیدەری چکۆلە دوای تۆپێك کەوتووە هەر ئەییاو هەر ئەییاو هەر ئەییا ....**

**گوڵەسووری تاقانەش قژی بوکەکەی دا دەهێنێ و هەلور بلور تەکامەی بۆ ئەکا..**

**مامە شێرۆش بە خەلوزێکی چکۆلە لەسەر مقەبای خورماکە شتێك ئەکات لە دڵی خۆما ئەڵێم بەرواری مردنەکەی نەنەتوبام ئەنوسێتەوە، بەلام ئەو وێنەی کۆترێکی چوار پەل شکاوی سەر لقێکی لارەوەبوو کەبە ئەستەم ئەگمێنێ ئەکێشێ ..**

پورە هاجەر سیگارەکەی ئەپێچێتەوەو سەری زمانی پیا ئەهێنێ و پەنجەی شەهادەو گەورۆنەی لە سەر پێڵوەکانی ڕائەگرێ مەزەندە ئەکەم هەرە ئازیزترین نۆبەرەکەی نەنە توبام لە ناوەوەی خۆیدا جێگەی نەبێتەوە بەڵام ئەو بە باوکم ئەڵێ :

-{ بابگەڕێینەوە فلامەرز گەنجینەکان ئەشکێنێ. لرپەی ژنی هییزە کەرەو لاگیرەو نقێمە ئەرمەنیەکان ئەبات ..}

باوکم بێدەنگ و بێدەنگتر ... بە پەنا پسکێ ئەچمە ژێر کەواکەی دایکمەوە کە پووم ئەنێم بەو چەپکە مێخەکەی کەلەسەروی مەمکەی چەپیەوە شۆڕ بونەتەوە بەچپە ئەڵێم

-باوکە بیر لە چی ئەکاتەوە؟

ئەو ئەڵێ:

-ماتڵی ئەو تاجیرە هەمەدانیەیە کە قەرارە مانگا فریزیەکان بەرێت ...

من بەردێك و دووان و دە فرێ ئەدەمە ئاوەکەوە دەو دوان و هەزار گاشە گاشە بەرد تل ئەیەمە خوارەوە، بە ئەنقەست تەرمۆزەکە لە شانم بەرئەدەمەوە، هەڵ ئەکەوم لە مەنجەڵە فاسۆلیاکەو ئەیرێژم، بێخی خێوەتەکە ڕائەکێشم و ئەکەوێت بەسەر تاجیرە هەمەدانیەکەیا ..

باوکم گۆچانەکەی بەرزتر ئەکاتەوەو ئەڕوانێتە پرچە سپیەکانی دایکم و ئەڵێ :

-ئەم سازنە چی ئەوێت؟؟

منیش سەر دا ئەخەم و وەك عاجزترین و مەلولترین بونەوەر لە دڵی خۆما ئەڵێم:

{ئەمەوێت هەموو ڕەنگەکان لە ڕەنگی مردنەکەی ئەوە بگۆڕێن.....}

**بەڵام نا دەریا وەك خۆی لێدێتەوەو ئەڵێی هەرگیز دانەچڵکیوە، دایکم مەنجەڵە فاسۆلیاکە سەر ئەخاتەوەو، تاجیرە هەمەدانیەکەش دوو مانگا فرێزیەکە پێش خۆی ئەداو ئەڕوات..**

**باوکم دەستێك بەسەرو ڕیشە بەفرییەکەیدا ئەهێنێ و پورە هاجەری هەمیشە پرژو بڵاو ئەڵێ**

**-ئۆخەی................**

**من دڵم زیاترو زیاتر ئەگوشرێت گوڵە سووری تاقانە ئەو کچەی کە هەموو کات بە چوار پسکیتی کرێمدار گۆرانی بۆ نەنەتوبام ئەووت پێم ئەڵێت:**

**-بە تاڵیت بیر لە خۆشترین گۆرانی بکەرەوە ..**

**پورە هاجەریش ئەڵێت:**

**-هیچ شتێك لەوە باشتر نیە زایفە لە ماڵ و مێردی خۆیدا بێت .!!!**

**دایکم تاو نا تاوێك ئەڵێ:**

**-حیکایەت ... حیکایەت .. هەمووومان ئەمرین .......**

**مێردەکەم جگەرەیەکی تر دا ئەگیرسێنێ و پێم ئەڵێت :**

**-ماریا ..... هیچ لەوە جوانتر نیە بگەیتە کۆتایی حیکایەتێك........**

**بەڵام من وەك پیشەی هەمیشەیم چاو لە عەردەکە ئەبڕم و وەك ئەوەی بۆنی دوا وەسیەتە نەوتراوەکەی ئەو بکەوم ئەڵێم:**

**-{ هێشتا سەرەتایەتی }**

**2004-7-17**

(10)

## بەرگەی ئەم هەمووە دیوارە ناگرم

بەشێوەیەك دامێنی کراسەکەمی گرتبوو ڕای ئەکێشا و هاواری لێدەکردمەوە:
-دایکە تکا ئەکەم تۆ کارێك بکە .. ئاخر هیچ تاوانێك بەرتەقای مردن نیە !!
دارشەقەکەم بەرزکردەوەو بە توندی کێشام بە بەری دەسیاو پێم ووتەوە :
-بەسە تۆ لەکەت خستە کەتانی پاکیزەیی منەوە .. تۆ شووشەی شکۆ و حیشمەتی منت زڕاند،تۆ دەستت خستە شیرازەی سەلاری باوك و براکانەوە ..
ئانیشکی بە لاڕانی دا ئەهێناو بەبەر دەستی فرمێسکەکانی ئەسڕی و بەدەم گەستنی پەنجەی شەهادەییەوە ئەیووت
-ئاخر کوشتن ئازاری خۆی هەیە..
پێم ووتەوە
-بەسە کە شەرمت بەحاڵی خۆت نایەت، تا دێت بەرزترو بەرزترو بەرزتر ئەبێتەوە .

بەردەوام ئەگریاو بە گۆنایەکی زەردتر لە زەعفەران و دووگلێنەی دەرتۆقیوەوە بە شێوەیەك کەهەر دەتگووت دنیا لەسەر دڵی نەفەس ئەیات بە ڕیزە ڕستەیەکی بڕسکاوەوە ئەیگووت

—مەگەر تۆ ئەتوانی مردنی من ببینی؟

بە ئیرقێکی کوشندەو کلۆکێکی لەرزییەوەو بەدەم دەست گیر کردن لەشپرزەیی خۆمەوە کەللەم ئەنا بە پەنجەرەکەوەو ئەمووت:

—من کە ناتوانم شتێك بکەم نە ئەمڕۆ و نەهیچ ڕۆژێکی دیکە...

هێڵنجێك و دووان و سیان لەتری ئەیاو تاوێکی تر بۆکزێك و دووان و دە ئەیکێشایەوە بە سکی خۆیدا هاواری ئەکرد دایکە تەنها شتێك، من بەرگەی ئەم هەمووە دیوارە ناگرم، دایکە تەواو ماندوو بووم سەیر کە چەند بڕستی لێبڕیووم، دەزانم ئەمکوژن بۆنی ئەو خەنجەرە لە کەپووم دایە دایکە کە پورە گوڵناڕۆیان پێ کوشت..

وەك کەنەفتە ترین نێچیربەدەم ڕنینەوەی یاڵەسپییەکانەوە ئەمووتەوە :

—هەموو ئەم شتانە بۆ ؟!!!!!!!

تابانۆ بێ فاسیلە زەرداوی هەڵ ئەهێنایەوەو ئەیووت:

—هەموو شتەکان لە شەوی هاتنە ژوورەوەی براکانەوە دەستیان پێکرد، لە سوتاندنی کتێبەکان و تەلبەند کردنی باغچەکەوە، لەو نیوەڕۆییەوەی کەیەکەمین نامەی ئەو بەدەم لول کردنی مافورە ئێرانیەکانەوە لە هەرە تاریکترین شوێنی منەوە کەوتە خوار، لەو بەیانیەوەی کەتۆلەچکە خۆڵەمێشیەکەت لە چارۆکەکەی دایەمەلەك دەرهێناو لەسەرت کردم ...

ئەو تا زیاتر بدوایایە من شەرمندەترو پەشۆکاوتر هەزار ڕەنگم ئەدۆڕاند، دارشەقەکەم کێشا بەتەبەقی پەنجەرەکانداو درزی برد و قیژاندم:

—تابانۆ بەسە ..

تابانۆ سەری دەنا بەلاشیپانی دەرگاکەوە وەك هەرە نازەنین ترین وەحشی هەر تاڵەزوڵفێکی لەمەملەکەتێك ئەگریا .. وەك هەمان ئەو گریانەی دوای گرتنی نامەکە کە

دەستیان گرتوو هێنایانە دەرەوە، وەك هەموو ئەو ڕۆژانەی کەمن پرچە لولەکەیم ئەگرت و لە ماقڵەکان ئەمهێنایەوە گسکی ئەمسەرەو سەری حەوش و بنکی ئەو درەختانەم پێ پاك ئەکردەوە کەلەیەکرا پڕدەبووە لە وردەگەڵای زەردهەڵگەڕاو و ڕەق هەڵهاتوو ...

بەهەمان ئەو گریانە ئەچوو کە پەڵەیەك خوێن لە پاشووی کراسە زەردەکەی وەك نەخشەی نیشتمانێکی شکست دەرکەوت ....

تابانۆ خامۆش لەمن لە خۆی لە خوا ئەگریا وەك لە چاوەڕوانی داتەپینی سەقفەکەدابێت ئەیووت

خەریکە دام ئەڕزێنێت بۆن خاوی ئەو هەمووە هێڵنجە ووشکەوە بووە،بەرگەی ئەم توتکە سەگە ناگرم کە بێ فاسیلە هەڵبەزو دابەز ئەکات ..

بۆ دوا ئێوارەی هەمان ساڵ بەخۆم و قوفڵ شکێنێکەوە کەمەگەر هەر خۆم و خودا بزانیین چۆناهیم هێنابوو، بەدەم لەرزینی ئەژنۆ سست و دڵی لە هەر جۆرە ئارامیەك کەوتوومەوە دەرگاکەیم ترازان ئەوەی من بینیم نە شەیتان بیبینێت و نەخودا نە ئەغیارو نەنە نەیار، بانگم کردەوەو دەو دووان و هەزار نقورچکم لە لاڕانی ئەگرت و گازێك و سەد گاز باوەشم پیاکردەوە و توند نوساندم بەسینەمەوە، بەڵام ئەو تا دەهات شلترو قورس تر تا دەهات بۆنێك کوشندەترو کەسکونتر،هەموو شتەکانی ئەو ژوورە بۆنی هێڵنجی ووشکەوەبوو مردنی گرتبوو،تەنانەت توتکە سەگەکەی نێو سکیشی کەوەك جاران بەرزتر نەئەبوویەوەو هەڵبەزو دابەزی نەئەکرد ..

تەنها شتێك کەوەك خۆی مابوویەوە ئەو نامەیە بوو کەلەنێو مەمکبەندە مێوژییەکەیدا دوای چەندەها چین ئارەقی لەسەر کەوتوو هەناسەی ئەیا،ئەو نامەیەی کە ساڵانێکی زەوەندە لە باخەڵی کەواکەی مندایەو تا ئەم ئێوارەیەش نازانم چی لەسەر نووسراوە...............

2004–7–2

(11)

## هەروا بە سەر پێوە

{نە ماچی سارد و نە خەونی ساردو نە باوە شی سارد و نە ژیانی ساردو نە پێکەنینی ساردی نەویست تەنها گوللەیە ك نەبێت کە گەرمایی خۆی پێبەخشی }

{هەمیشە لە ئاوێنە کاندا بەدوای خودا دا دەگەڕا، ئەوەندە هەموو ئاوێنەکان گەڕا جگە لە حەقیقەتی خۆی شتێکی تری نەبینی، هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری داخۆی بێتەوە بە خودا}

{بەردەوام دەیگووت ژیان ماندووم دەکات هەروا بە سەر پێوە لێم پرسی ئەی مردن؟ سووتوی جگەرەکەی دەوەراندە نێو قەدی کتێبەکەیەوە و ووتی: ئەمە کۆتایی پرسیارە }

{ لە دوا سوچی کتێبەکەی فروغ دا نووسیبووی: هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە بە دزییەوە خۆر ڕاکێشمە نێو ژانتاکەمەوە، دنیا لە تاریکاییەکی ئەبەدیدا غەرق کەم تا ڕووناکی ڕاستەقینە بدۆزمەوە }

{ به دەم خەوەوە هەموو کتێبەکانی سوتاند پێم ووتەوە: ئەمەیان یانی چی ؟ ووتیەوە بە من چی کە ژیان لە دەرەوەی کتێبەکاندایە }

{ هەرگیز نەمدیبوو بۆ تەنها چرکەیەکیش ڕەنگێکی دیکە لە سەر ڕەنگی خۆی هەڵ بکات . هەرکات لێم پرسیبا :بۆ تاییەتمەندییەکانی ژنێتیت وون کردووە ؟، دەیگووت: ئەگەر ژنێتی دۆستی دەمامکەکان بێت ڕقم لە هەموو جۆرە ژنێتیەکە..}

{وەڵامی هیچ یەك لەو نامانەی نەدەدایەوە کە بەیانیان پۆستەچیە خەواڵوەکە بەدەم چەندەها باوێشکی زل زلەزە فرێی دەدایە پۆستەکەوەو دەڕۆیشت پێم ووتەوە کەگەر تۆ عاشق نیت ؟ یاری بە نامەکان دەکردو لە سەر خۆ ووتی ئەگەر عەشق لێرانەدا بێت بێ گومان کە نا !!!!!!! }

دایکم دەیگووت : ئەو چواردەهەمین کچی منە بەڵام هەرگیز نەیدەگووت لە دۆستە شەرعیەکانیەتی یان ناشەرعیەکانی.....

2004/5/5

فەڕەنسا

## بلاَوكراوةكانى طؤظارى ئايندة:

-بيبلۆگرافياى گۆڤارى ئاينده چوار ساڵى ئاينده (1).
-ساباتى چيرۆك.
-خەياڵو رۆح.
-بيبلۆگرافياى گۆڤارى ئاينده ژماره (48-58). (2).
-گلگاميش.
-دەرياوانه خنكاوەكه.
-زايزۆنى سێيەمى زناك.
-كۆتا وەسيەتى بكوژێك.

________________:

كتێبى داهاتووى ئاينده:
-دەرهێنانو شانۆى مۆدێرن